نۆڤلێت

# ئەوورا

نووسینی: کارلۆس فۆنتێس

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: رزگار ئەمین نژاد

مرد به شکار می رود ومی ستیزد.

زن دسیسه می چیند و خیال می بافد،

او مادر وهم است،

چشمی نهان بین دارد،

پر وبالی که توان پرواز به بی کران تخیل می بخشدش،

خدایان همچون مردانند:

بر سینه زنی

زاده می شوند و می میرند.

ژول میشله

# ١

بانگەوازی نێو رۆژنامەکە دەخوێنیتەوە. هەموو رۆژێ لەم دەرفەتانەت بۆ هەڵ ناکەوێ. دەیخوێنێتەوە و دیسان دەیخوێنێتەوە. وەک بڵێی ئەم بانگەوازە جگە لە تۆ کەسی دیکەی مەبەست نیە. تەنانەت ئاگات لێ بڕاوە کە سووتووی سیگارەکەت لە فینجانی چاییەک دەکەی کە لەم چاخانە هەرزانبایی و پیسەدا، داوات کردوە. بۆ جاریکی دیکە دەیخوینیتەوە؛ "بانگەوازی دامەزراندن: میژوزانێکی لاوکارە، شێلگیر، بە نەزم. تواناییەکی باشی هەبێ لە زمانی فەڕانسی دا، تا بە رادەی ئاخاوتن". لاوکارە، شارەزایی لە زمانی فەرانسی دا هەبێت، کەسێک کە بۆ ماوەیەک لە فەرانسە ژیابێ، شانسی دامەزراندنی پترە... "چوار هەزار (پەسوو) لە مانگدا، خواردنێکی باش، ژووری لەبار بۆ خەوتن و کارکردن." هەر ئەوەندە ماوە کە ئاماژە بە ناوی تۆ بکەن. دەبوایە ئەم بانگەوازە دوو دانە وشەی دیکەشی پێوە زیاد کرابایە، دوو وشە بە پیتی رەش وگەورە؛ "فلیپە مۆنتێرۆ". پیویستمان پێیەتی، فلیپە مۆنتێرۆ، ئەو کەسەی کە بورسیەی[1] خویندنی هەبووە لە سۆربیوون، مێژووزانێک کە دەروونی پڕە لە زانیاری بێ سوود، ئەو کەسەی کە تویژینەوە لە مابەینی بەڵگە زەردهەڵگەراوەکانی لێ بووەتە نەریت، مامۆستایەک کە بە رەسمی

[1] برێکی پارە کە بۆ خوێندنی باڵا لە لایەن دەزگا حکومی و ئیدارییەکان دیاری دەکرێت

دانـــەمزراوە و بـــە نۆســـەد پەســـوو لـــە مانگـــدا و، لـــە قوتابخانـــە مەدەنییەكـــان مامۆستایەتی دەكـات. بـەڵام ئەگـەر بانگـەوازێكی لـەم چەشـنەت بـەرچـاو كەوتبایـە لێـی بـە گومـان دەبـووی و بـە قەشـمەرت دەزانـی. :"نیشـانەكەی؛ دۆنلـیس، ٨١٥. ژمارە تەلەفۆن لە ئارادا نیە، راستەوخۆ سەردان بكەن".

پـارەی چاییەكـەت لـە سـەر مێزەكـە دادەنێـی، جانتاكـەت هەڵـدەگری، هەڵدەسـتی. لـە بیـری ئـەوەدای كـە رەنگـە مێژووناسـێكی دیكـە، هـەر لـە بابـەتی تـۆ، چـاوی بـەم بانگـەوازە كـەوتبێت، بـەر لـە تـۆ خـۆی گەیاندبێتـە ئـەوێ و، هـەر ئێسـتا دامــەزرا بێـت. بـەرەو چوارییانەكــە دەچـی و هــەوڵ دەدەی واز لــەم بیـرە بێنـێ. بـە سـەر پێیـەوە و، لـە چـاوەڕوانی هـاتنی پـاس دا، بـە رێكـەوت و مێـژووی رووداوە مێژووییەكانـدا دەچیتــەوە كــە دەبــێ لــە زەینتــدا ئامــادە بــن بــۆ وتنــەوەی وانـــەكانت، تـــاكوو بەم چەشـــنە قوتابییـــە خـــەواڵووكانت بە چـــاوێكی رێـــزێەوە ســـەیرت بـــكەن. پاســـەكە نێزیـــك دەبێتـــەوە و تـــۆ چـــاوت بڕیوەتـــە نـــووكی پـــێڵاوە رەشـــەكانت. دەبـێ ئامـادە بیـت. دەسـت بـە گیرفانـت دا دەكـەیت، بـە نێـو پووڵەكانتـدا دەگـەڕێیت و سـەرنجام سـی (سێنتاو) دەردێنـی. دەبـێ خـۆت ئامـادە بكـەی. چنـگ لـە دەسـگرەی پاسـەكە گیـر دەخـەی- پاسـەكە خێراییەكـەی شـل دەكاتـەوە و، بـەڵام راناوەسـتێ – و بـە بازدانێـك سـوار دەبـی. بـە پاڵـە پەسـتۆ رێگایـەك بـۆ خـۆت دەكەیتـەوە، سـی سـێنتاوەكەت دەدەی بـە شـۆفێركە، لـە نێـو نەفەرەكانـدا كـە لـە ناوەنـدی پاسـەكەدا بـە سـەر پێیـەوە راوەسـتان جێـی خـۆت دەكەیتـەوە، دەسـت بـە دەسـگرەی بـان سـەرت دەگـری، لـە بـن بـاڵی چەپتـەوە جانتاكـەت پتـەوتـر لـە هـەنگڵ دەگـری و هـەر لـە خـۆڕا دەسـتی چـەپت دەخەیتـە سـەرگیرفانی پشـتەوە كـە شانەی پارەكەت لەویدایە.

ئـەمڕۆش كوتومـت وەك رۆژانـی پێشـووە و تـا دەمەوبـەیانی هـەر لـەو چاخانەیـــە دەمێنێتـــەوە و داوای ناشـــتا دەكـــەیت و رۆژنامەكـــەت دەكەیتـــەوە،

بانگەوازەکەت لە بیر نەماوە. چاوێک بە بەشی بانگەوازەکاندا دەخۆشێنی، بانگەوازەکەی دوێنێ دیسان لەوێیە: مێژووزانێکی لاوکارە. هێشتا کەس لە سەر ئەم کارە دانەمزراوە. هەمیس بانگەوازەکە دەخوێنیتەوە و لە سەر دوایین وشەکانی ڕا دەمێنی: چوار هەزار پەسوو.

زۆر سەیرە کە هێشتا شەقامی دونسێلیس ئاوەدان بێت. هەمیشە پێت وا بووە ئەم گەڕەکە کۆنەی ناوەندی شار چۆڵە و کەسی تێدا ناژیت. بە هێوری، نەرمە هەنگاوان هەڵدێنیتەوە و هەوڵ دەدەی لە کۆمەڵگای خانووە کۆن و نارێکەکانی سەردەمی هێزە داگیرکەرەکان دا، خانووی ژمارەی ٨١٥ بدۆزیتەوە، لەو گەڕەکەی کە ئێستا گشت باڵاخانەکانی دابین کراون بۆ دوکانی خشڵ فرۆشتن، وەرشە، پینەچییەتی و دەرمان فرۆشی. ژمارەکان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، ڕەنگیان بە سەردا کەوتووە و شێوێندراون. ژمارەی ١٣ لە تەنیشت ژمارەی ٢٠٠، پلاکێکی کۆن بە ژمارەی ٤٧ لە بن نووسراوەیەکی خەت ناخۆشدا ون بووە و بە خەڵووز لە سەری نووسراوە ٩٢٨ی هەنووکەیی. سەیری نهۆمی دووهەمی بیناکاندا دەکەیت. لەو سەرەوە هەموو شتێک بە دەست لێ نەدراوی ماوەتەوە. لێرە دەنگی گرامافۆنە موزاحمەکان بە دی ناکرێن. تیشکی گڵۆپە جیوەییەکانی سەر شەقام بە سەریاندا ناکەوێن. ئەو بابەتە هەرزانباییانەی کە لە ڕاستە شەقامەکەدا بە فرۆش دەچن، هیچ گۆڕانێکیان لە ڕۆخساری ئەو سەرە دا پێک نەهێناوە، تەنانەت بەردە تاشراوە ناهەموارەکانیش، کۆتەڵە بەردینەکانی پیاوچاکانیش کە کۆترەکان پۆل پۆل لە سەر شانوپیلیان هەڵنیشتوون، باڵکۆنە نەردەییەکانیش، پرووسکە مسییەکانیش، ئەو پرووسکانەی کە بەردینەن و لە سەریان بە بێچمی مرۆڤ و ئاژەڵ کۆلیاری کراون، پەردە ئاماڵ سەوزەکانیش کە پەنجەرە درێژەکان تارتر دەردەخەن و هەرکە چاو لە پەنجەرەکان دەبڕی کەسێک بە خێرایی لە

پشـت پەنجەرەیەکـەوە دەخوشـێ و خـۆی لـە نـەدیوان دەخـا. لـە نەخشـی خـەیاڵاوی گـول و پێچکـەکان رادەمێنـی کـە لـە بـان سـەردەرەکان کولیـاری کـراون و ئـەوجار روو لـە خـوارەوە دەکـەی، چـاو لـە دیـوارە پرووکاوەکـە دەکـەی و ژمـارەی ٨١٥ کە پێشتر ٦٩ بووە دەدۆزیتەوە.

بـە ئاسـپایی کۆبـەی دەرگاکـە وەدەنـگ دێنـی: ئـەم کۆبەیـە کـەلە سـەگێکی مسینەیـە و تـا بەرادەیـەک سـاف و لـووس بـووە کـە دەڵێـی پیـزەی سـەگێکە و لـە مـۆزەخانـەی تایبـەت بـە زانسـتی سروشـت دانـدراوە. کـەلپ وچاوەکـانی ئـەو سـەگە دەڵێـی دەمەلاسـکەت دەکەنـەوە، دەسـت لـەم کـانزا سـاردە بـەر دەدەی. بـە سـووکە پـاڵێکی قامەکـەکانت دەرگـاکە دەکرێتـەوە، بـەڵام بـەر لـەوەی بچێتـە ژوور، لـە سـەر شـانەکانتەوە نیگـات ئاراسـتەی ریـزی دوور و دریـژی ئۆتۆمبیلـەکان دەکـەی کـە لـە قـەراغ خانووەکـان وەسـتاون، هاڕەهاریـان لـێ بـەرز دەبێتـەوە، هـۆڕن لێـدەدەن و دووکەڵـە تـەنگاو و ژاراوییـەکانیان بـە حـەوادا بـڵاو دەکەنـەوە. هـەوڵ دەدەی لـە دیمـەنی ئـەم دونیـا بێـواز و خەواڵوویـەی هەنـدەرێ وێنایـەک لـە زەیندا رابگری.

دەرگاکـە لـە سـەر پشـت دادەخـەی و چـاو دەبڕیتـە تاریکـایی دالانێکـی داخـراو. ئەمـە دەبـێ حەوشـە یـان شـتێک لـەم بابەتانـە بـێ، چوونکـە بـۆنی گـوڵ و، بـۆنمی رووەک و رەگـە رزیوەکـان و بـۆن عـەترێکی گـران و خەوهێنـەر دێتـە بـەر کفنکـت. هـیچ تیشـکێک بـەدی ناکـەی تـاکوو رێنمایـت بکـا. لـە گیرفانتـدا لـە دوای شـەمچەیەک دەگـەڕێی کـە لەنـەکاو دەنگێکـی تیـژو ناسـک پیـت دەڵـێ: "نـا، پیویسـت ناکـا. تکایـە. سـیزدە شـەقاو وەرە پـێش، بـە دەسـتە راسـتدا دەگەێتـە پلیکانێـک. تکایە هەڵگەڕێ. پلیکانەکان بیست و ددو دانەن. بژمێرە."

سـێزدە شـەقاو. بـە دەسـتە راسـتدا. بیسـت ودوو. لـە ئـامێزی بـۆن و بەرامـەی گـژو گیاکانـدا، شـەقاوەکانت دەژمێـری. سـەرەتا پـێ دەخەێتـە سـەر

بەردرێژەکان و پاشان دەچیتە سەر تەختە دارێک کە لە بن لاقت دا ناڵەی لێ دەبێتەوە و لە بەر نم و شەدا لە بن پێت وەک ئیسفەنج دەنیشێ. لە بن لێوەوە بیست ودوو دانە پلیکان دەژمێری و ئەوجار رادەوەستی، قاپۆڕە شەمچەیەک لە ناو دەستتدا و جانتایەک بە ژێر هەنگڵتەوە. لە دەرگایەک دەدەی کە بۆنی کۆنە سنەوبەری لێ هەڵدەستێ. دەرگاکە کۆبەی پێوە نیە. سەرئەنجام بە سووکە زەختێک دەرگاکە دەکەیتەوە. ئێستا لە ژێر پێت دا هەست بە راخەڕیک دەکەی، راخەرێکی تەسک و تەنک کە بە ناڕیکی راخراوە. لاقت لە سەری دەخزێ و هێندەی نەماوە سەرانگرێ بیت. ئەوجار چاوت بە تیشکیکی ئارام و خۆلەمێشی دەکەوێ کە بەشێک لە گنج وچینەکانی ئەو راخەرە دەردەخەن.

بانگ دەکەی: "خانم." لە بیرت نەچۆتەوە کە ژنێک دەنگی دابووی. "خانم..."

"تکایە ئێستا بە دەستە چەپتدا بسووڕێوە. یەکەم دەرگا."

دەرگاکە دەکرێتەوە: چاوەڕیی ئەوە ناکەی دەرگایەکت بە سەردا داخرابێ، دەرگاکان هەر هەموویان بە سووکە پاڵێک دەکرێنەوە. رەنگی پرژ وبڵاوی تیشکەکان لە مژۆڵت دەهاڵێن، وەک ئەوەی لە پشت تۆڕێکی ئاوریشمییەوە سەیریان دەکەی، گشت ئەو شتانەی کە دێنە بەر دیدەت کۆمەڵی تیشکی لەرزۆکن. سەرئەنجام بۆت دەردەکەوێ کە ئەم رەنگە تیشکییانە لەو مۆمە نەزری یانەڕا(1) بلاو دەبنەوە کە لە سەر تاقەکان داندراون و یان بە شێوەیەکی ناڕێک لە ریزی قاوغە گێچییەکانی سەر دیوارەکان هەڵواسراون. ئەم رەنگە تیشکییانە شەوقیکێ ڕەنگ پەریو بە سەر کەلوپەلە زێوییەکان و، سوراحییە کریساڵەکان و ئەو ئاوینەیانەدا دەخەن کە دەوریان بە قاوغێکی رەنگ زێڕین داگیراون. ئەوجار لە کەشە نیوە روناکەکەی بەشی سەرەوەی

ژوورەکــە، چــاوت بــە قەرەوێڵــە و جــووڵانی هێمنانــەی دەســتێک دەکــەوێ کــە دەڵێی بە ئاماژە بانگت دێڵێ.

بــەڵام تــا پشــت لــەو کاکەشــانە تیشــکییە دیمــەن ئائینیانــە نەکــەی لــە هەتــەری دیدەتــدا نیــە کــە روخســاری ئــەم ئافرەتــە ببینــی. بــە ســەرانگرێ بوونــەوە بــەرەو خــواروی قەرەویڵکــە دەڕوێ، بــۆ ئەوەیکــە بگەیتــە لای ســەرووی قەرەوێڵکەکــە دەبــێ ســوورِێک لێبدەیتــەوە. لەشــێکی لاواز، کــە دەڵێــی لــە پانتــای قەرەوێڵەکــەدا بــزر بــووە. کــە دەســت درێــژ دەکــەی دەســتێکی دیکــە بــەدی ناکــەی، هەســت بــە گــوێ وبســکی بوونــەوەرێک دەکــەی کــە بــە هێمنــی و بــەردەوامی خــەریکی جووتنــە و بــە تروکانــدنی چاوەســوورەکانیەوە ســەیرت دەکــا. بــزەی بــە روودا لێــدەدەی و خــۆت بــە نەوازیشــت کردنــی کەروێشــکێک خــەریک دەکــەی کــە لــە تەنیشــت دەســتی ئافرەتەکــەدا خــۆی مڵــۆس کــردووە. ســەرئەنجام تۆقــەی لەگــەڵ دەکــەی و پەنجــە ســـڕەکانی بــۆ ماوەیــەکی زۆر لــە نێــو دەســتە عارەقاوییەکانی تۆدا دەمێنێتەوە.

"من فلیپە مۆنتێرۆم. بانگەوازەکەی ئێوەم خوێندەوە."

"بەڵێ، دەزانم. ببورە، ئێرە کورسی لێ نیە بۆ دانیشتن."

"قەی ناکا، ئاواش باشە. نیگەران مەبن."

"زۆر باشــە. تکایــە رێگــەم بــدە تــا لــە لاوە روخســارت ببیــنم. ئــاوا نابێــت، بــە جــوانی لــێم دیــار نــابی. بــەرەو تیشــکەکە بســوورِێ. بــەڵێ، بــەم جــۆرە. زۆر باشە."

"من بانگەوازەکەی ئێوەم خوێندەوە."

"وایــە، راســتدەکەی. پێــت وایــە لــە توانــای ئــەم کــارە بێیــت؟ خوێنــدنت تەواو کردوە؟"

"بەڵێ خانم، لە پاریس."

"وایــە، پێــی خۆشــحاڵ دەبــم ئەگــەر دەبیســتم... بــەردەوام، بــەردەوام ... بەڵێ ... دەزانی ... تابەرادەیەک لەگەڵی راهاتبووین ... وە پاشان ..."

لادەچــی، بــە چەشــنێک کــە پرشــنگی مۆمــەکان و شــەوقدانەوەی زیــو و بلوورەکــان، سەرپۆشــێکی ئاورێشــمی دەربخــەن کــە بــێ گوومــان بســکێکی زۆر ســپی دادەپۆشــێت و روخســارێکیش لــە قــاوغ دەگــرێ کــە هێنــدە پیــر و بــە ســاڵدا چــووە کــە وەک منــداڵ خــۆ دەنــوێنێ. ســەرچــەف و بالیفــەکان و یەخەیــە ســپی وبەرزکــەی زۆر بــە تونــدی و دژواری داخــراوە کــە گشــت ئەنــدامی دادەپۆشــن، گشــت ئەنــدامی، تــەنیا مەچــەکی نــەبێ کــە بــە شــاڵێک پێچراوەتــەوە و دەســتە بچکۆلەکانیشــی کــە لــە ســەر زگــی کــەوتوە. تــەنیا تــا بــە ئــەو کاتــە دەتــوانی لــە روخســاری رابمێنــی کــە جووڵــەی کەروێشــکەکە دزە نیگــات بــەرەو ورکــە نانــەکان رادەکێشــێ کــە لــەســەر بەرگــی ئاورێشــمی ســوور و رزیــوی بالیفــەکان بڵاو بوونەتەوە.

"دەی، وا باشــە لــە ســەر مەبەســتەکەمان بــدۆێین. تەمــەنم زۆری بــە بــەرەوەوە نــەماوە، جــەنابی مــۆنتێرۆ. هــەر بــۆ ئــەم مەبەســتە بڕیــارم داوە رێسایەک پــێ شــێل بکــەم کــە لــە مــاوەی ژیانمــدا رەچــاوم کردبــوو و لــە رۆژنامــەدا بانگەوازێک بڵاو بکەمەوە."

"بەڵێ، منیش هەر بەم هۆیەوە هاتوومە لات."

"هەڵبەت وایە. کەوابوو قبوڵی دەکەی."

"ئێ، حەز دەکەم زانیاری زیاتر وەربگرم."

"بەڵێ، بە لاتانەوە سەیرو سەمەرەیە."

دەتبینــێ کــە لــە مێــزی لای قەرەوێڵەکــە رامــاوی، کۆمــەڵێ شووشــەی شــەراب بــە رەنگــی جۆراوجــۆر، پەرداخــەکان، کەوچکــە فافۆنــەکان، ریــزی شووشــە و قوتــووی حــەب و دەرمــان، پەرداخــەکانی دیکــە- گشــتیان بــە تراوێکــی

رەنگ سپی پیس بوون- کە لە سەر عەرزی ژوورەکە، لە بەر دەستیدان. ئەوجار بۆت روون دەبێتەوە کە قەرەوێڵەکەی کەمێ لە عەرزی ژوورەکەی بەرزترە. لە ناکاو کەروێشکەکە دەردەپەڕێ و لە تاریک و روونی ژوورەکەدا ون دەبێ.

" من چوارهەزار پەسوو بۆ ئێوە لە بەرچاو دەگرم."

"بەڵێ، لە بانگەوازەکەی ئەمڕۆش دا وا نووسرابوو."

" ئێ، کەوایە بڵاو کراوەتەوە."

"بەڵێ، بڵاو کراوەتەوە."

"ئەمە پێوەندی بە بیرەوەرییەکانی هاوسەرەکەمەوەیە، ژینەراڵ یۆرتینە. بەرلەوەی من بمرم دەبێ رێک و پێک بکرێن. حەز دەکەم چاپ و بڵاو بکرێنەوە. ماوەیەکە لە سەر ئەم بڕیارە ساغ بوومەتەوە."

"بەڵام ئەی ژینەڕاڵ بۆ خۆی چی؟ خۆی ناتوانێ ..."

"شێست ساڵ لەمەوبەر مرد، جەناب، ئەمانە بیرەوەرییە ناتەواوەکانی ئەون. بەر لەوەی من بمرم دەبێ کۆ بکرێنەوە."

"بەڵام ..."

"بۆ شیکردنەوەی هێندێ لە بابەتە ناروونەکانیش یارمەتیت دەدەم. ئێوە بەرەبەرە لە شێوازی نووسینی هاوسەرکەم شارەزا دەبن. هەر ئەوەندە بەسە تا دەستنووسەکانی کۆ بکرێنەوە و بیخوێنیتەوە، دواجار هۆگری شێوازی نووسینەکەی دەبیت، چەندە روون... چەندە..."

"بەڵێ، تێدەگەم."

"ساگا، ساگا، لە کوێی، وەرە بۆ ئێرە، ساگا."

"کێ؟"

"هاودەمەکەم."

"کەرویشک؟"

"بەڵێ. دەگەڕێتەوە."

ئــەوجار کــە چــاوە لــە عــەرز راماوەکانــت هەڵدێنیتــەوە، دەبینـــی کــە لێوەکــانی داگرتــوون بــەڵام دەتــوانی بــۆ جــارێکی دیکــە گــوێ بیســتی وشــەکانی ببیتـەوە- (دەگەڕێتـەوە.)- بـە چەشـنێک کـە دەڵێـی ئـەو پیرێژنـە هـەر لـەم کاتـەدا ئـەم وشــانەی لــە زار دەرپــەریوە. لێوەکــانی لــە جووڵــە دەکــەون. لــە پشــت ســەرت رادەمێنـــی و شـــەوقدانەوەی کەرەســـە ئایینییـــەکان کـــەم تـــا کـــورتێ چاوەکانـــت بـــەر شــەوارە دەخــەن. کــە دواجــار ســەیری دەکەیتــەوە دەبینـــی کــە چاوەکــانی گــەڵێ بــەرین تــر، گــەش تــر، تــەڕ و گــەورەتر، ســپی ســپی و روونــن، کە هــەر خاڵــە رەشـەکانی بیبلبیلـەی چاوەکـاتی ئـەم روونییـە دەشـێوێنێن. هێنـدەی پـێ نـاچێ لـە بـن گنجـە قورسـەکانی پێلوویـدا چاوەکـانی بـزر دەبـن. پیرێـژن دەڵێـی بـە تـەما بـووە نیگایـەک بپـارێزێ کـە هـەر ئێسـتا لـە قووڵاییەکانیـدا گـەڵێ چـاڵاوی وشـکی تێـدا شاردراوەتەوە.

"کەوایـــە ئێـــوە لێـــرە دەمێننـــەوە. ژوورەکـــەتان لـــە نهـــۆمی ســـەرەوەیە. سەرەوە خۆر دەیگرێتەوە."

"رەنگـە وا بـاش بـێ سـەرو دڵتـان نـەگرم، خـانم. دەتـوانم لـە شـوێنی خـۆم لە سەر دەست نووسەکانتان کار بکەم."

"مـــەرجی مـــن بـــۆ ئـــەم کـــارە ئەوەیە کە لێـــرە بمێنـــنەوە. دەرفـــەتێکی زۆرمان نییە."

"ئەگەر دەبوو..."

"ئەوورا..."

لــەو کاتەیــەوە پێــت خســتوەتە ژوورەکــەی، بــۆ یەکــەم جــار دەبینــی کــە پیرێــژن جووڵەیــەک دەکــا. بــۆ جــارێکی دیکــە دەســتەکانی درێــژ دەکاتــەوە،

هەناسەت قووڕس دەبن و لەبەر خۆتەوە هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت و، دەبینی دەستێکی دیکە بەرەولای پیریژن درێژ دەبێتەوە تاکوو پەنجەکانی ئەو بگرێتە دەست. چاو لە دەوروبەری خۆت دەکەی، کیژێک لەوێ راوەستاوە، کیژێک کە لە تواناتدا نیە هەموو بالای تێر بە چاوی خۆت ببینی، چونکە زۆر لێت نێزیک بۆتەوە و، هاتنەکەشی هێندە لە ناکاو بووە، کە هەستت بە چووکەترین دەنگێک نەکردووە – تەنانەت ئەو دەنگانەش کە لە بیستن نایەن بەڵام هەر چۆنێ بێ هەن و راستەقینەشن. راستەقینەن، چوونکە پاش ماوەیەکی دیکە بیرت دێنەوە، چوونکە زۆر لەو بێدەنگییە بەهێزترە کە هەستت پێکردووە.

"خۆ وتم دەگەڕێتەوە."

"کێ؟"

"ئەوورا، هاودەمەکەم. برازاکەم."

"ئێوارە باش."

کیژەکە سەر دەلەقێنێ و لە هەمان کاتدا خانمی پیر لاسایی جووڵەکەی ئەو دەکاتەوە.

"ئەم بەڕێزە جەنابی مۆنتێرۆیە. لەمڕۆ بە دواوە لای ئێمە دەمێنێتەوە."

چەند شەقاوێک لە جێی خۆت دوور دەکەویتەوە، تا بەم جۆرە تیشکی مۆمەکان کوێرت نەکەن. کیژەکە هەروا بە چاوی قونجاو راوەستاوە ودەستەکانی بەم لاولایدا شۆڕ بوونەتەوە. سەرەتا چاو لە تۆ ناکا، ئەوجار نەرمە نەرمە چاوەکانی هەڵدێنێ، وەک ئەوەی کە چاوی لە تیشک بترسێ. سەرئەنجام بۆت دەردەکەوێ کە ئەم چاوانە سەوزن بە چەشنی دەریا، شەپۆلان دەدەنەوە، لە سەر بەستێنان دەنیشن، بۆ جارێکی دیکە هێدی دەبنەوە

و ئـــەوجار وەکــو شـــەپۆلێک دیســـان هەڵدەچنـــەوە. لێیـــان رادەمێنـــێ و بـــە خـــۆت دەڵێـی ئەمــە راسـت نیـە، چوونکـە ئـەم چاوانـە سـەوز وجـوانن هـەر وەک هـەموو ئـەو چـاوە سـەوزانەی کـە تـا بـە ئێسـتا لێیـان رامـاوی. بـەڵام نـاتوانی خـۆت بـە فریوببـەی، ئـەم چاوانـە شـەپۆلان دەدەنـەوە، لـە حاڵـەتت دا گـۆڕان دەخـولْقێنێ، بـە چەشـنێک کـە هـەر دەڵێـی روانگەیـەک دەخەنـە پـێش چـاوت کـە تـەنیا تـۆ لـە تواناتدایە ببیینی و ئارەزووی بکەی.

"بەڵێ. من لێرە دەمێنمەوە."

# ٢

بــە رادەیــەکی گــوێ کپکەرانــە، پیریــژن لــە قاقــای پــێ کــەنین دەدا و، بــەم چەشــنە پێــت رادەگــەینێ کــە تــا بــە چەنــد شــوکرانە بژێــری ئــەم مەرحەمەتــەی تۆیــە. پێــت دەڵــێ کــە ئــەو کیــژە تــۆ بــەرەو ژوورەکــەت رێێنــوێنی دەکــا. بیــر لــە مووچەیــەک دەکەیتــەوە کــە چــوار هــەزار پەســوویە و، هــەروەها ئــەم کــارەش کــە وا دیــارە کــەیفت پــێ دێ، ئــاخر زۆر دڵــت بــەم جــۆرە کارانــەیە کــە وەک کــاری توێژینــەوە دەچێــت. لــەو جــۆرە کارانــەی کــە پێویســت بــەوە ناکــا لــە تەقەلایــەکی لــەش پڕووکێن دا خــۆت هیلاک بکــەی یــاخۆ ئــەم شــوێن و ئــەو شــوێن بکــەی یــان بچیتــە دیــداری ئــەو کەســانەی کــە وازی دیتنیانــت نیــە. لەم کــاتەدا بیــر لــەوە دەکەیتــەوە کــە بـــە دوای ئەو کیـــژەدا لـــەو ژووره دەچیتـــە دەر و، بـــاش دەزانـــی کـــە لـــە بـــاتی چاوەکانـــت دەبـــێ بـــە هەســـتی گوێیـــەکانت وەدوای بکـــەوی: دوای خشەخشـــی داوێنەکـــەی دەکـــەوی، خشەخشـــی داوێنێکـــی دەســـت چـــن. ئێســـتا لـــە دەرفـــەتێک دەگــەڕێی کــە بــۆ جــارێکی دیکــە لــە چــاوە ســەوزەکانی رابمێنــی. لــە تاریکیــدا بــە دوای ئــەو دەنگــە دەکەوی و بــە پلیکانەکانــدا هــەڵ دەگــەڕێی. هێشــتا چاوەکانــت بــە تــاریکی رانــەهاتووە. وەبیــر خــۆت دێنیتــەوە کــە ئێســتا کــات نێزیــک بــە شەشــی پــاش نیوەڕۆیــە و، لە نەکــاو بە دیتنــی شــاڵاوی تیشــک سەرسام دەبــی، ئــەوجار کــە ئــەوورا دەرگــای ژوورەکــەت دەکاتــەوە- دەرگاکــەی دیکــە قــوفڵی نیــە- خــۆی لادەدا

و دەڵــێ: " ئەمــە ژوورەکەتــە. پــاش یــەک کــاتژمێری دیکــە بــۆ خــواردنی شــێو چاوەڕێت دەکەین."

هــەر بــە خشــەخشــی نــەرمی داوێنــەکــەیــەوە جێـت دەهێڵێـت وبـواری ئەوەت پێ نادا کە بۆ جارێکی دیکە رووخساری ببینی.

دەرگاکـــە لەســـەر پشـــت قـــەپات دەکـــەی و ســـەیری هەورەبانـــە شووشـەییەکەی بـان سـەرت دەکـەی کـە لـە بـاتی بـن مـیچ، ژوورەکـەی داپۆشـیوە. بــە بــەراوردکردن لەگــەڵ کــون و قوژبنــە تاریکــەکانی خانووەکــە، لــەوەی کــە دەبینـــی تـــریفەی مانگەشـــەو و تروســـکەی ئەســـتێرەکانی ئاســـمان لە چـــاوت دەچەقـێن، بـزەیەک داتـدەگرێ و، کـاتێ دۆشـەکی سـەر قەرەوێڵـە کانزاییەکـەت - کـە بـە رەنگـی ئاڵتوونییـە - بـە تـاقی دەکەیتـەوە، دیسـان بـزە لێدەدەیتـەوە و خەنـی دەبـی. ئـەوجار چـاو بـە نێـو ژوورەکـەدا دەگێـڕی: راخـەرێکی سـووری ئەسـتوور لە بـن پێـت دا دەبینـی، کـاغزی دیوارەکـان بـە رەنگـی زەیتـوونین، ئەسـکەملەیـەکی راحــەت کــە بــەرگەکــەی مەخمــەڵێکی ســوورە، لەولاتــرەوە مێزێکــی کــۆن بــۆ نووسـین دانـدراوە کـە لـە دارە گـوێز سـازکراوە و رووکێشـێکی چـەرمی پێوەیـە، لامپــای ســەر مێــزکە بــۆ خوێندنــەوەی شــەوانە و قەفەســێکی پــڕ لــە کتێــب لــە تەنیشت مێزەکە دەبینی کەبە ئاسانی دەستت پێ رادەگات.

بــەرەو لای دەرگاکــەی دیکــە دەچیــت و هــەر کــە بــە ســووکە پاڵێــک دەیکەیتــەوە، حــەمامێک دەبینـــی کـــە لـــەعابی چینینەکـــەی بـــە گـــوڵی وردورد نەخشــێندراوە، دەستشــۆرییەکی رەنــگ ئاســمانی و، بــە مــۆدی کــۆن حــەوزێکی چکۆلـەش لە تەنیشـتیەوە دەبینـی. لـە دالانـی تەنیشـت حەمامەکـە، لـە ئاوێنەیـەکی خـڕدا سـەیری خـۆت دەکـەی کـە بـە دولابەکەوەیـە - ئـەویش لـە دارگـوێزە- بـرۆ ئەســتوور و لێــوە پــان و لچاوییەکــەت دەجووڵێنێتــەوە و ئــاوێنەکە بە هەناســەی دمـت تـەم دەگـرێ. چـاوە رەشـەکانت دەقـونجێنی و ئـەو کاتـە چاوەکانـت دەکەیتـەوە

کە ئاوێنەکــەش روون دەبێتــەوە. هەناســەیەک دەدەیــت ودەســت بــە پرچــە خــاو و رەشــەکەتدا دێنــی، دەســت بــە ســەر گۆنــا و لاچــاوە لاوازەکانتــدا دەهێنــێ و ئــەوجار کــە تــەمی هەناســەکانت بــۆ جــارێکی دی روخســارت دەشــارنەوە، ناوەکــەی دووپات دەکەیتەوە:

"ئەوورا"

بــە راکشــاوی لــەســەر قەرەوێڵەکــەدا دوو دانــە ســیگار بــە بــا دەکــەی، پاشــان هەڵدەســتی، جاکەتەکــەت لەبــەر دەکــەیت و شــانەیەک بــە پرچــت دا دێنــی. دەرگاکــە دەکەیتــەوە و هــەوڵ دەدەی ئــەو رێیــە بێنیتــەوە کــە لــە پێشــتردا پێیــدا تێپــەریبووی. دەتــەوێ دەرگاکــە بــە ئــاوەڵایی بێڵیتــەوە تــاکوو تیشــکی لامپاکــە بـــەرچاوت روون بکاتـــەوە، بـــەڵام بـــێ ســـوودە، چونکـــە فەنـــەرەکـــانی (ئیســپرینگەکانی) دەرگاکــەت بــە ســەردا قــەپات دەکــاتەوە. دەشــیا گەمــەی پــێ بکــەی، جارێــک بــۆ پێشــەوە، جارێــک بــۆ دواوە رایکێشــی. ئــەم کــارە ناکــەی. ئــەم خــانووە دەبــێ بــۆ هــەتا هەتایــە لــە تاریکیــدا دەمێنێتــەوە و، تــۆش دەبــێ بــە پــەل کوتــان، کــون وکەلەبــەرەکانی بدۆزیتــەوە و دیســان بیدۆزیتــەوە. بــە دەســتە راداشــتووەکانت کوێرکوێرانــە لــە تەنیشــت دیوارەکــەڕا رێگاکــەت دەدۆزیتــەوە و، بــە هەڵکــەوت پلاکــی گڵۆپەکــە پــەی دەکــەی. رادەوەســتی ولــە نێــو روناکــایی ئــەو تــەلارە دوور و درێــژو چۆڵــەدا چــاو دەتروکێنــی. لــە بنــەبانی تەلارەکــەدا چــاوت بــە نــــەردە و پلیکانــــە پێچاوپێچەکــــەی دەکــــەوێ. کــــە بــــەرەو نۆهــــۆمی خــــوارەوە دادەگــەڕێی، پلیکانــەکان دەژمێــری: ئەمــە کــارێکی دیکەیــە کــە دەبــێ لــە مــاڵی خــانمی یورنیتــەدا لەگــەڵی رابێیــت. چــاوت بــە چاوەســوورەکانی کەروێشــکەکە دەکــەوێ کــە پشــتت تێــدەکا وبــە بــازدان لێــت دوور دەکەوێتــەوە، لێــی دەســڵەمیتەوە و پلیکانێک بەرەو دواوە دەکشێیتەوە.

لـــە دالانەکـــەی خـــوارەوە بـــواری کـــات گنخانـــدنت نابێـــت، چـــوونکە ئـــەوورا بـــە مۆمێکـــەوە لـــە کـــن دەرگـــا نیـــوە ئاوەلاکـــەدا کـــە شووشـــەکانی رەنگـاورەنگن، چاوەڕێـت دەکـا. بـە زەردەخەنـەوە بـەرەولای دەچـی، بـەلام لەبـەر ئەوەیکـە قیـژەی جـەرگ بـڕی چەنـد دانـە پشـیلە دێنـە بـەر گوێـت، رادەوەسـتی-بـەڵێ، لـە تەنیشـت ئـەوورا رادەوەسـتی و گـوێ هەڵـدەخەی تـاکوو دڵنیـا بیـتەوە کە ئەوەی بیسـتت دەنگـی قیـژەی پشـیلە بـووە – و ئـەوجار بـە دوایـدا بـەرەو ژووری دانیشتن دەڕۆێ.

ئەوورا دەڵێ: "پشیلە بوو. ئەم گەڕەکە مشکی زۆرە."

بـــە ژوورەکـــەدا دەگـــەڕێی: تـــاقمێ موبـــل دەبینـــی بـــە رووکەشـــێکی ئاورێشـمی کـە رەنگەکـەی کـاڵ بۆتـەوە، لە قـوژبنێکی ژوورەکە کۆمـەڵێ دۆلاب دەبینـی کـە نمـای شووشـەیی هـەیـە و کۆتـەڵی چینـی چکۆلـەی تێـدا ریـز کـراون، چەندانـــە کـــاتژمێر بە دیوارەکـــانەوە هەڵواســـراون کـــە دەنگـــی مۆســـیقایان لـــێ دەبێتـەوە، مـەدالیاکان، گـۆی بلـووری، کۆمـەڵێ راخـەر کـە لـە نەخشـی ئێـرانین و هێنـــدێ چینـــی چکۆلـــەی تێکەوتـــووە، کۆمـــەڵێ تـــابلۆ بـــە دیمـــەنی گونـــد و گوندنشـــینەکانەوە هەڵواســـراون، ســـەیری پـــەردە مەخمەرییـــە ســـەوزەکان دەکەی کە پەنجەرەکانیان داپۆشیوە. ئەووراش بەرگێکی سەوزی لەبەر کردووە.

"ژوورەکەت بە دڵە؟"

" بەڵێ. بەلام دەبێ کەل و پەلەکانم لەو شوێنەی کە ..."

" پێویست ناکا. کارەکەری نێو ماڵێم ناردووە بۆت بێنێ."

" بوومە سەر بارتان!"

بـــە دوایـــدا بـــەرەو ژووری خـــواردن دەچـــی. ئەوورا مۆمدانەکـــەی لـــە ناوەنـدی ژوورەکـە دادەنـێ. ژوورەکـە سـارد وشـەدارە. چـوار دەوری ژوورەکـە بـە تەختـەداری بـۆر داپۆشـراوە کـە بـە شـێوازی (گۆتیـک) کولیاریـان لـەسـەر

کــراوە. بــە شــێوەیەکی کەوانــەیــی گــوڵ و پنچکــی گــەورە گــەورەیــان لەســەر نەخشــێندراوە. هــەر کــە دادەنیشــی ســەیر دەکــەی مێــزی خواردنەکــەیان بــۆ چــوار کــەس ئامــادە کــردوە. دوو دانــە بڵــووت کــە ســەریان داپۆشــراوە و شووشــەیەکی کۆنەی غەورگرتووش لە سەر مێزەکە دەبینی.

ئەوورا ســەری یــەکێ لــە بڵووتــەکان دەکــاتەوە. بــۆنی تیــژی ئــەو جــەرگ و پیــوازە هەڵــدەمژی کــە ئەوورا لــە ســەر دەوریەکــەی دایــدەنێ و ئــەوجار شووشــە کۆنەکــە هەڵــدەگری و لــەو تــراوە خەســت و ســوورە، دوو دانــە پــەرداخی کریســتاڵ پــڕ دەکــەی. دڵــت ئــۆقرە نــاگرێ ئەگــەر نووســراوەی ســەر شووشــەی شــەرابەکە نەخوێنیتــەوە، بــەڵام غــەوری ســەر شووشــەکە نووســراوەکەی داپۆشــیوە. ئەوورا لــە بڵووتەکــەی دیکــە چەنددانــە تەماتــەی بــرژاو هەڵــدەگرێ. چــاو لــە دوو جێــی زیــادی، دوو ئەســکەملــەی بــەتاڵ دەکــەی و دەڵێــی: "داوای لــێ بــوردن دەکــەم، ئێــوە چاوەڕێی هاتنی کەسێکی دیکە دەکەن؟"

ئەوورا بــە شــێنەیی خــەریکی هــەڵگرتنی تەماتــەی بــرژاوە: "نــا. ئەمشــەو کۆنسلۆ خان کەمێ ناسازە. لەگەڵ ئێمە شێو ناخوا."

"کۆنسۆلۆ خان؟ پوورت؟"

"بــەڵێ، ئــەو حــەز دەکــا پــاش ئــەوەی لە شــێو خــواردن تەواو بــووی، چاوی بە تۆ بکەوێ."

لــە بێــدەنگی دا خواردنەکــەت دەخــوێ. شــەرابە خەســتەکەت دەخوێتــەوە و جــار ناجــارێ ســەیری دەوروبــەرت دەکــەی، بــەڵکوو بــەم چەشــنە ئەوورا چــاوی بــە نیگــا ســێحر لــێ کراوەکــەت نەکــەوێ. حــەز دەکــەی هێلکــاری روخســاری ئــەم کیــژە ناسکە لــە زەینتــدا تۆمــار بکــەی. چــوون هــەر جارێــک کــە نیگــای لــێ وەردەگێــڕی، لــە بیریــان دەکــەی و هێزێکــی لــە کــەوی نــەهاتوو هانــت دەدا کــە بــۆ جــارێکی دیکــە ســەیری بکەیتــەوە. ئــەو وەک هەمیشــە نیگــای لەبــەر

خۆیــەتی. کــاتێ لــە نێــو گیرفــانی جاکەتەکەتــدا لــە دوای پــاکێتی ســیگارەکەت دەگــەڕێی، کلیلێکــی گــەورەت بــەر دەســت دەکــەوێ، لە نەکــاو شــتێکت بیــر دێتــەوە و، بــە ئەوورا دەڵێــی: " ئــای، لــە بیــرم کــردوە کــە قــوفڵی یــەکێ لــە چەکمــەزەکانی مێزەکەم بکەمەوە. کاغەزەکانم لەوێدان."

وە بــە نەغمــەوە دەڵــێ: "کــەوابوو بــە تــەمای دەربچــی؟" بــە شــێوەیەکی گلەیی ئاسایانە ئەمەی پێ ڕاگەیاندی.

بە ئــاڵۆزییەوە ئامــاژە بەو دەســتە کلــیلانە دەدەی کــە بــە قامکتــەوە هەڵواسراوە.

"قەی ناکا. کارەکەرەکەتان دەتوانێ سبەی بچێ وبۆم بێنێ."

بــەڵام ئــەو خــۆی لــە وێ کــەوتنی دەســتت دەبــوێرێ و داوێنەکەیــەی هەروا بە دەســتەکانی ڕاگرتــووە. ســەرەنجام ســەر هەڵــدێنی و، تــۆش بــۆ جــارێکی دیکــە لــە هەســتی خــۆت بــە گومــان دەبــی، لــە گێژبــوونی خــۆت، لــە ســەر ســوورمانێک کــە لــە ژێــر کاریگــەری ئــەو چــاوە گــەش و ســەوز و پــڕ لــە تروسکانەدایە و، کەچــی تــۆ گیرایــی شــەرابەکە بــە هۆکــاری ئــەم سیحرە حسێب دەکــەی و، چــون ئەوورا هەڵدەســتێ، تــۆش هەڵدەســتی و دەســت دەخەیتــە ســەر جــێ پــاڵی ئەســکەملەکە، لــە خــۆت ڕانــابینی کــە دەســت بــۆ شــانە رووتەکــەکانی یاخۆ سەرە بێ جووڵەکەی ببەی.

هــەوڵ دەدەی بەســەر خۆتــدا زاڵ بــی. گــوێ بــۆ جووڵــەی بــێ هەســتی دەرگاکــەی پشــت ســەرت هەڵــدەخەی – کــە ڕەنگــە بەســەر چێشــتخانەدا بکرێتــەوە - یــان ئەوەتــا خــۆت بــە شــرۆڤەکردنی دوو هۆکــاری ســەرەکی ڕووناکــایی ئەم ژووره ســــەرقاڵ دەکەی: واتە بازنەیــــەکی پەســــتاوتوو لــــە تیشــــک کــــە وەک شــەبەنگێک لــە دەوری مۆمدانــەکەی ســەر مێزەکــەڕا بەســەر دیــوارێکی کولیــاری کــراو دا کەوتــووە و، بازنەیــەکی گــەورە و تاریــک بە دەوریــەوە بــڵاو دەبێــتەوە،

بەم بیـــانوانەوە هـــەوڵ دەدەی چـــاو لـــە ئـــائوار وەرگێـــڕی. ســـەرەنجام وورەیەک وەبەر خـۆت دەدەی کـە هەسـتی، بـەرەو لای بـڕۆی، دەسـتی بگـری و هـەر وەک یادگارێک ئاڵقەی کلیلەکەت لە پەنجە نەرم و ناسکەکەی بخەی.

پەنجـەکـانی کـۆ دەکاتـەوە، سـەیرت دەکـا وبـە نەغمـەوە دەڵـێ: "سـپاس." ئەوجار هەڵدەستی وبە پەلە لە ژوورەکە دەچیتە دەر.

لــــە ســــەر ئەســــکەملەکەی ئــــائورا دادەنیشــــی، لینــــگ رادەکێشــــــی، ســیگارەکەت دادەگیرســێنی و هەســت بــە چێژێــک دەکــەی کــە پێشــتر قەت وا هەسـتت پـێ نـەکردبوو. ئـەو چێـژەی کـە دەتزانـی بەشـێکی گـرینگە لـە بوونـت، بـەڵام ئێسـتا، لەم دۆخە کـف وکـوڵاوییەدا هەسـت بـەم چێـژە دەکـەی، بەری پـێ نـاگری، پـەردەی لـە سـەر لادەبـەی، چـوونکە دەزانـی ئـەم جـارە بە ئاکـام دەگـات و لە هەنــاوت دا ئەبەدی دەبێــت... و ئــائورا وتوویــەتی کــە خــانمی کۆنســۆلۆ چاوەڕێت دەکا. لە پاش شیوخواردن چاوەڕێتە...

لە ژووری خــواردن دەر دەچیــت و، مۆمــدانێک بــە دەســتەوە، بــە دیوەخــان و دالانەکــەدا تێدەپــەڕی. یەکــەم دەرگایــەک کــە دەیبینیتــەوە، دەرگــای ژوورەکـەی ئـەوە. بـە پشـتی پەنجـە لـە دەرگـا دەدەی، بـەڵام وەڵامێـک نابیسـتی. دیســان لــە دەرگــا دەدەیتــەوە. پاشــان بــە ســووکە پاڵێــک دەرگاکــە دەکەیتــەوە، چوونکـە ئـەو چاوەڕێتـە. بـە بـێ هەسـت وەژوور دەکـەوی و بـە دەنگێکـی نـەوی دەڵێی: "خانم... خانم..."

گــوێی لــە دەنگــت نــابێ، چــون بـــەرەورووی ئــەو دیــوارە چــۆکی داداوەتـەوە کـە بـە کـەل و پـەلی رێورەسـمی ئـایینی رازاوەتـەوە. سـەری بـە سـەر مسـتە قونجاوەکانیـدا داگرتـووە. دوور بـە دوور چـاوت پێـی دەکـەوێ: لـەوێ لـە رۆبێکــی زبــر و پەشــمین دا چــۆکی داداوەتــەوە، ســەری بــە نــاو مــەودای شـانەکانیدا رۆ چـووە، کـز و لاوازە، چـوار چـل ئێسـکی بـێ گۆشـت، هـەر وەک

کۆتـەڵێک دەچـێ کـە لـە سـەردەمی سـەدەکانی نێوەڕاسـت بـە جـێ مـابێ. لاقـەکانی هــەر وەک دوو چڵــە داری وشــک، بەڵام بایــەکی ســوور تــێ هەڵگــەڕاوە و هەڵمسـاون. لـە بیـری ئـەوەدای کـە ئـەم پەشـمینە زبـرە سـەر پشـتی بـەردەوام ئـەم پێسـتە رزیـوەی لەشـی هەسـان دەکـا، کـە لـە نـەکـاو مسـتەکانی بـەرەو ئاسـمان هەڵدێنێتــەوە و بــە بــێ وازی بــە حــەواوە دەی جووڵێنێتــەوە، وەک ئــەوە وایــە کــە لەگــەڵ وێنــەکان بەشــەڕ دێ و، چــوونکە تــۆ بــە بــێ هەســت لێــی نێزیــک دەکەویتــەوە، دەتــوانی بیانناسـیتەوە: مەسـیح، مەریــەمی پــاکیزە، سباسـتیەنی پیاوچـاک، لووزیـای پیاوچـاک، میکائیـل فریشـتەی نێزیکـی خـوا و، شـەیتانێک کـە زەرەدەخەنەیــەکی مــەکراوی بــە سـەر لێـوەیەوەیــە و لــە سـەر پەردەیــەکی نەخشـاوی وکـۆن دا دیـارن، تـەنیا کۆمـەڵێ رووخسـاری شـاد وبـە کـەیف لـەم پــەردە نیگارییــە خــەماوی و پــر لــە تووڕەییـدا دیـارن، شـادن لەبـەر ئـەوەی کـە چنگیـان لـە گۆشـتی دۆزەخـی یـەکان داگرتـووە، کۆمـەڵێ مەنجـەڵی پـڕ لـە ئـاوی کــول هــاتوو بــە ســەریاندا درێــژن، دەســت درێــژی دەکەنــە ســەر ناموســی ئافرەتــەکانی نێــو وێنەکــە، ســەرخــۆش دەبــن، لــە گشــت ئــەو ئازادییانــە ســوود وەردەگــرن کــە لــە پیاوچاکــان حــەرام کــراوە. لــە وێنــەکەی ناوەڕاسـت نێزیـک دەبیتــەوە کــە بــە نەخشــی فرمێسـکەکانی خاتوونــە غەمبارەکــەمان (مـریەم)، خـوێنی خوداوەنـدە بـە خـاچ دا کراوەکـەمـان (عیسـا)، شـایی و لۆغـانی شـەیتان، تـووڕەیی فریشـتەی مـوقرەب، هـەناوێک کـە لـە شووشـەیەکی پـڕ لـە ئەلکۆلـدا پـارێزراوە و هەەوەهـا دڵێکـی زیـوین رازاوەتەوە. خـانمی کۆنسـۆلۆ، چـۆکی داداوە، بـە مسـتان هەڕەشـەیان لـێ دەکـا و پچـڕ پچـڕ وشـەگەلێ دەردەبـڕێ کـە چـون لێـی نێزیکتـر دەبیتــەوە لێیــان تێــدەگەی: "فــۆراریس، ئــەی شــاری خــوا، ئــەی فریشــتە تێــی توورێنە لەو شەیپوورەت! ئاخ، تا مردنی دونیا چەند دەخایێنێ!"

بەچەشـنێک سـینگی خـۆی دەکـوتێ کـە کـۆخەیەکی قـورس سـەردڵی دەگوشـێت و، بەهـۆی تـەوژمی کۆخـەکانی، لـە بەرامبـەر وێنـە و مۆمەکانـدا شـل دەکـەوێ. دەسـت بـۆ ئانیشـکەکانی دەبـەیت و هـەڵی دەسـتێنی. لـە حاڵێکـدا هێـدی هێـدی ئـەو بـەرەو قەرەوێڵەکـەی دەبەیتـەوە، لـە حاسـت بچکۆلـەیی و وردی ئـەم خانمـەدا سەرسـوورِماو دەبـی. هـەر دەڵێـی کچۆلەیـەکی بچکۆلەیـە، کـۆم، کـەم تـا کـورتێ چـەمـاو. پێـت وایـە ئەگـەر یارمـەتی تـۆ نەبـوایە، دەبـوو بـە گاگۆڵەکـە برۆشـتبایە پـای قەرەوێڵەکـەی. یارمـەتی دەدەی تـاکوو لـە سـەر قەرەوێڵـە پـڕ لـە ورکـەنان و باليفـە کۆنـەکانی بخـەوێ، دایدەپۆشـی و، چـاوەڕێ دەکـەی تـا پشـووی بێتـەوە بـەر خـۆی. لـەم حاڵـەدا بـێ دەسـەڵاتانە، لـە گۆنـا وشـک هەڵاتووەکانیـەوە دڵۆپی فرمێسکێک لووز دەبێتەوە.

" بمبـوورە... بمبـوورە، جـەنابی مـۆنتێرۆ. لـەم دونیایـەدا بـۆ پیرێژنـە پـەک کەوتـەکان هـیچ نامێنێتـەوە مـەگین... چێـژ بـردن لـە عیبـادەت... تکایـە دەسرەکەم بدە بە دەستم..."

"ئەوورا خان وتی کە ..."

"بـەڵێ، راسـتە. مـن نامـەوێ کـات بـە فیـڕۆ بـدەم. پێویسـتە دەسـت پـێ بکەین. سپاست دەکەم."

"جارێ ئێوە پێویستیتان بە حەسانەوەیە."

"سپاس... لێم وەرگرە..."

پیرێـژن دەسـت دەبـا بـۆ یەخەکـەی. قۆپچکـەی دەکاتـەوە و سـەر دادەخـا، تـاکوو نـەوارێکی ئەرخـەوانی - کـە رەنگـی کـاڵ بۆتـەوە - دەربکێشـێ و بیداتـە دەستی تۆ. نەوارەکە قورسە چوونکە کلیلێکی مسی پێوە هەڵواسراوە.

"ئـــەو قوژبنـــە... جانتاكـــە بكـــەوە، ئـــەو كۆمەڵـــە كاغـــەزەی كە لـــە لای راســتەوە لــە ســەر كاغــەزەكانی دیكــە دانــدراون، بیانهێنــە بــۆ ئێــرە... نــەوارێكی زەرد لە دەوریان هاڵاوە."

"من بە باشی چاوم نابینێ."

"ئـای، بـەڵێ... هۆیەكـەی لەوەدایـە كـە مـن چـاوم بـە تـاریكی راهـاتووە. بــە دەســتە راســتی منــدا... هــەروا بــڕۆ تــا دەگەیتــە جانتاكــە. جــەنابی مــۆنتێرۆ، دەورمــان بــە دیــوار گیــراوە. بــە بینــا و باڵاخــانە، چــوار تەنیشــتییان گرتــووین و بــەریان بــە تیشــك گرتــووە. بــۆیە وایــان كــرد كــە مــن ناچــار بــە فرۆشــتنی ئــەم خــانووە بكــەن، بــەڵام تــا بــە ســەر زینــدوو بــم نــای فرۆشــم. ئــەم خــانووە بــۆ مــن مــەكۆی بیرەوەرییەكانمانــە. مــەگین مەیتەكــەم لــەم خــانووە ببەنــە دەر. بــەڵێ، هــەر وایــە. ســپاس. دەشــێ خوێندنــەوەی ئــەم بەشــە دەســت پــێ بكــەی. پاشــان بەشــەكانی دیكــە دەخەمـــە بـــەر دەســـتت. جـــەنابی مـــۆنتێرۆ شـــەوتان بـــاش. ســـپاس. ئـــای، ســەیركە، مۆمەكــە كوژاوەتــەوە. تكایــە لــە دەرەوە داگیرســێنەوە. نــا، نــا، بــا كلیلەكــە لای خۆت بمێنێتەوە. لە ئێوە دڵنیام."

"خانم ئەو قوژبنە كونە مشكی لێ یە."

"مشك؟ من قەت بۆ لای ئەو قوژبنە ناچم."

"وا باشە پشیلەكان بێنی بۆ ئێرە."

"پشیلە؟ پشیلەی چی؟ شەوباش. دەمەوێ بخەوم. گەلێ ماندووم."

"شەوباش."

# ٣

هەر بەو شەوە، ئەو کاغەزە رەنگ زەردانە دەخوێنیتەوە کە بە مرەکەبێکی قاوەیی کاڵ نووسراون. لە سەر هێندێ شوێن کونێک بەدی دەکرێ کە لە بەر کەمتەرخەمی، پرشکی پۆلووی سیگاری لە سەر کەوتووە. لە سەر هێندێ لاپەڕەکان پەڵەیەکیان پێوە دیارە کە ئاسەواری مێشن. زمانە فەڕەنسییەکەی ژەنەڕاڵ یورنیتە شایانی ئەو تاریفانە نەبوو کە هاوسەرەکەی بە سەروباڵیدا هەڵی دەگوت. بە خۆت دەڵێی کە توانای ئەوەت هەیە تا بە رادەیەکی زۆر لە سەر شێوازی نووسینەکەی چاککاری بکەیت و، لەمەر گێڕانەوە پەرێشانەکانی ئەم یادداشتانە کە باسی رووداوەکانی رابردوو دەکەن پێداچوونەوەت هەبێ: تافی منداڵییەکەی لە مەزرایەک بەسەر بردووە لە ئواخاکا[2] ، کۆلیژی سەربازی لە فەڕانسە تەواو کردووە، دۆستایەتی لەگەڵ دۆک دۆ مۆرێنی و دۆست و نیزیکانی ناپلیۆنی سێهەم هەبووە، گەڕانەوەی بۆ مەکزیکا و چوونی بۆ نێو ریزی فەرماندەرەکانی ماکسیمیلیان[3]، جەژن

---

[2] (Oaxca) ئەیالەتێکە لە باشووری مەزیکا

[3] Maximilian فێردیناڵد ماکسیمیلەن جۆزیف (1832-67) ئارشیدۆکی وڵاتی نەمسا و ئیمپراتۆری مەکزیکا. پاش ئەوەی کە فەڕانسەییەکان چەند بەشیان لە خاکی نەمسا داگیر کرد لە لایەن کۆمەڵێ لە خاوەن شکۆکانی مەکزیکاوە وەک ئیمپراتۆر دیاری کرا و بە یارمەتی هێزەکانی فەڕانسی بەرەو مەکزیکۆ پێش ڕەوی کرد و خەواریسی؟ تاراند کە سەرۆک

وئاهەنگـــەکانی بارەگـــای پاشـــایەتی، شـــەڕەکان، شکســـتی ســـاڵی ١٨٦٧، دوورخستنەوەی لە وڵات و ناردنی بۆ فەڕانسە وەک تاراوەگە.

لـــەم بابەتانـــەدا شـــتیکی ئـــەوتۆ بـــەدی نـــاکرێ کـــە پێشـــتر باســـیان لـــێ نـــەکرابێ. جلـــەکانت دادەکـــەنی و بیـــر لـــە گێـــڕانەوە ناڕاســـتەکان و ئەو بایـــەخە دەکەیتـــەوە کـــە پیرێـــژن بـــۆ ئـــەم بیرەوەریانـــە قایـــل دەبـــێ. بـــە بـــزە لێـــدان دەچیتـــە قەراخ پێ خەفەکەت و بیر لە چوارهەزار پەسوو دەکەیتەوە.

خـەوێکی مـەنگ و ئـارام لـە ئـامێزی گرتـووی، کـاتژمێر شەشـی سـەر لـە بـەیانی شـاڵاوی تیشـک بـە ئاگـات دەکاتـەوە. ئـەم هـەورەبانـە شووشـەییە پـەردەی پێـوە نییـە. سـەر دەکـەی بـە بـن بالیفەکـەتـدا و هەوڵـدەدەی دیسـان بخەویتـەوە. پـاش تـێ پـەڕینی دە خولـەک پەشـیمان دەبیتـەوە، هەڵدەسـتی و خـۆت بـە حەمامەکـەدا دەکـەیت و لـەوێ چـاوت بـە کـەلو پەلـەکانی خۆت دەکـەوێ کـە بـە ڕێـک وپێکـی لـە سـەر مێزێـک هەڵچنـدراون و، جلـەکـانی دیکـەت لـە دۆلابەکـەدا هەڵواسـراون. تـازە لـە ڕیـش تاشـین تـەواو دەبیـت کـە قیژەقیژێکـی ئـازاردەر بێـدەنگی بەرەبـەیان دەشـکێنێ. هـەوڵ دەدەی بزانـی کـە داخـوا ئـەم دەنگـە لـە کـوێرا دێتـە بـەر گوێـت: دەرگـای داڵانەکـە دەکەیتـەوە، بـەڵام لـەوێڕا هـیچ نابیسـتی. ئـەم قیـژە قیـژە لـە سـەرەوە دێـت، لـە هـەورەبانـە شووشـەییەکەڕا. دەچیتـە سـەر ئەسـکەملەکـە، دواتـر سـەر مێزەکـە، بەڵام ناگەیـت. ئەگـەر لاق لـە سـەر قەفەسـەی کتێبخانەکـە دابنێـی دەگەیتـە هـەورەبانەکـە. لەوێـڕا یـەکێ لـە پەنجـەرەکانی هەورەبـانەکە دەکەیتـەوە و

---

کۆمـاری ئـەو وڵاتـە بـوو. ئەیالەتـە یـەک گرتووەکـان بـوونی ئـەو وەک ئیپراتـۆری بـە ڕەسـمی قبـووڵ نـەکرد، ئیمپراتـۆری فەرانسـە واتـە نـاپلیۆنی سـێهەم پاشەکشـەی لـە پشـت گیـری کردنـی ئـەو کـرد و هێزەکـانی خـۆی لـە مـەکزیکۆ هێنایـە دەر. هێـزی کۆمـاری خوازەکـان بـە ڕێبەرایـەتی خـەواریس لـە کێرتـاۆدا مالسـیمیلەنیان ناچـار کـرد خـۆ بـە دەسـتەوە بـدا و پاشـان لـە دادگایـەکی لەشکەریدا مەحکووم بە گولە باران کرد.

بــەرەو ســەرەوە خــۆت هەڵدەکێشــی تــاکوو لــەوێرا ســەیری حــەوشــەی تەنیشــت خانووەکــە بکــەی؛ چوارچێوەیــەک کــە بــە دار و دڕک و پنچکــە گیاکانــەوە دەوری گیـراوە و لــە مابەینیانـدا پێـنج، شــەش، حـەوت پشـیلە - لــە ژمـاردن نایــەن، لـە تواناتـدا نیـە بـۆ سـاتێ زیـاتر خـۆت بـە حـەواوە رابگـری- لـە بڵێسـەی گـڕدا تێـک دەهــاڵێن و ســەربە بــن زگــی یــەکتردا دەکــەن و دووکــەڵێکی خەســتان لــێ بــەرز دەبێتــەوە کــە دواتــر هەســت دەکەی ئەم بــۆنە بــۆچرووکی تــووکی ســووتاوی پشـێلەیە. کـە دێیتـە خـوار، لـەوە بـە گومـانی کـە داخـوا دیمـەنێکی لـەم چەشـنەت هــەر بــە راســتی بینــی بێــت: رەنگــە ئــەم هــاوارە تــرس هێنەرانــە کــە تــاوێ درێــژ دەبنـەوە، تـاوێ هێـور و سـەرەنجام کـپ دەبـن، ئـەم خەیاڵـەی لـە تـۆدا پێـک هێنـا بێت.

کراســەکەت لــە بــەر دەکــەی، پێڵاوەکانــت بــە کــوتە کاغــەزێک دەســڕیتەوە و، گــوێ بــۆ دەنگــی زەنگــۆڵیەک رادەدێــری کــە دەڵێــی بــە نێــو داڵانــەکەدا تێدەپــەڕێ و تــا دەگــاتە بــەر دەرگــای ژوورەکەی تــۆ. ســەیرێکی داڵانەکـە دەکـەی، ئەوە ئەوورایـە کـە زەنگۆڵەیـەکی بـە دەسـتەوەیـە و تێدەپـەڕێت. ســەر وەردەگێــری بــەڵکوو ســەیرت بکــاو پێــت رابگــەینێ کــە ناشــتا ئامادەیــە. هــەوڵ دەدەی ئــەو رابگــری بــەڵام ئــەو بــە پلیکانەکانــدا دادەگــەڕێ و زەنگۆڵــە رەشــەکەی هــەروا دەزرینگێــتەوە، بــە چەشــنێک کــە دەڵێــی بــە تەمایــە گشــت نەواخانەکان، گشت خوێندنگە شەوورۆژییەکان لە خەو هەستێنێ.

بــە تــۆی کراسـێکەوە وەدوای دەکــەوی، بــەڵام هەرکــە دەچیتــە داڵانــی نهـۆمی خـوارەوە لێـت بـزر دەبێـت. لـە پشـت سـەرتەوە دەرگـای ژووری خـەوتنی پیرێـژن دەکرێتـەوە و دەبینــی کـە لـە پشـت دەرگـا نیـوە ئاوەڵاکـەڕا دەسـتێک درێـژ بۆتـەوە و بە ئـارامی تەشـتێکی کـە پـڕ لـە بەڵغـەم و تـف و لیکاولـە داڵانـەکە دادەنـێ و، بە داخستنی دەرگاکەی ون دەبێ.

ناشــتای بەیانیــت لــە ســەر مێــزی ژووری خــواردنە، بــەڵام ئــەمجارە مێزەکــەیان بــۆ یــەک کــەس ئامــادە کــردووە. بــە پەلەپــەل ناشــتاکەت دەخــوێ ودەگەڕێیتــەوە نێــو دالانەکــە و لــە دەرگــای ژووری کۆنسـۆلۆ خــان دەدەی. دەنگــە تیــژ و لاوازەکــەی ئیجــازەی هاتنــە ژوورت پــێ رادەگــەینێ. هــیچ شــتێک نــەگۆڕاوە: تاریــک و روونییــە هەمیشــەییەکانی، شــەوق دانــەوەی مۆمــە نەزرییەکان و ئامێرە زێوینەکان.

"بەیانیت باش، جەنابی مۆنتێرۆ. چاک خەوتی؟"

" بەڵێ. تا درەنگانێک هەر خەریکی خوێندنەوە بووم."

خــانمی پیــر دەســتێک دەجووڵێنێتــەوە، بــە چەشــنێک کــە دەڵێــی بــە تەمایــە بــەر بــە قســەکردنی تۆ بگــرێ. "نــا، نــا، نــا، حــەز ناکــەم بۆچوونــەکــەتان دەرببــڕن. لــە پێداچوونــەوە لــە ســەر نووســراوەکاندا بــەردەوام بــە، کــاتێ کۆتــایی پــێ هــات بەشەکانی دیکە دەخەمە بەر دەستت."

"زۆر باشە. خانم، دەکرێ سەردانی نێو باغچەکە بکەم؟"

"کام باغچەیە دەڵێی، جەنابی مۆنتێرۆ؟"

"باغچەی دەرەوەی ژوورەکەم"

"ئــەم خــانووە بــاغچــەی نییــە. ئــەو دەمــەی کــە هــەر چواردەورمــان بــە بینــا و باڵاخانە گیرا، باغچەکەمان لە کیس چوو."

"لــە ســەر ئــەو بــاوەڕەم کــە لــە دەرەوەی ژوورەکەمــدا دەتــوانم باشــتر بــە کارەکانم رابگەم."

"ئــەم خــانووە هــەر ئــەو حەوشــە تاریکــەی هەیــە کــە بــە وێــدا هاتیتــە ژوور. برازاکــەم لــەو شــوێنە کۆمــەڵێ گیــا و رووەکــی پــەروەردە کــردووە کــە لــە شوێنی نسێ دا نەبێ نارسکێن. هەر ئەمەیە."

"خانم، قەی ناکا."

ئــەو بەیانییــە، بــە تەواوی خــۆت بــە کــارکردن لــەســەر نووســراوەکان ســەرقاڵ دەکــەی. ئــەو بەشــانەی کــە بــە تــەمای ئەزبــەریان بکــەی، یادشــتیان لــەبــەر دەنووسیتەوە و ئەو بەشانەی کە بە دڵت نین بە وردی پێیاندا دەچیتەوە.

سـیگار لــە ســەر سـیگار بــە بـا دەکــەیت و. لــە بیـری ئــەوەدای کــە تـا بــەو جێیــەی بــۆت ئــەلوێ کــات بگنخێنــی. ئەگــەر بــواری ئــەوەت هــەبێ کــە بــە لانــی کەمـــەوە دە دوازدە هـــەزار پەســـوو پاشـــکەوت بکـــەی، دەرفـــەتی ئـــەوەت بـــۆ دەرەخســێ کــە یــەک ســاڵی تــەواو وەدوای کارەکــەی خــۆت بکــەوی، ئــەو کــارە ناتــەواوەی کــە بــە یــەکجاری لێــی هــەڵبراوی و کــەمێکیش لێــی دڵســارد بوویتــەوە. ئـــەو کـــارەی کـــە پێوەنـــدی بـــە کۆکردنـــەوە و گێڕانـــەوەی رووداوە گرنگـــە مێژوویییــەکانەوە هەیە و، ئێســتا بە ئــاڵۆزی لەســەر دەســتت ماونەتــەوە. ئەوجــار هەوڵـــدەدەی بە چـــڕو پـــڕی کاریـــان لەســـەر بەکەیـــت تـــاکوو بـــۆن و بەرامەی کــارێکی تــۆکمەی لێکــۆڵێنەوە بــدەن. هــەوڵ دەدەی وێکچوونێــک لــە نێــوان شــەڕ و هــەرای ســـەردەمە زێڕینەکـــانی ئیســـپانیا و دەرفەتە مێژوویەکـــانی ئەو ســـەردەمەدا بـــدۆزیتەوە و، بە ســـەرنجدان بە گشـــت ئۆلگـــووە مرۆڤایەتییـــەکانی ســـەردەمی رێنســـانس و دەســـکەوتە بـــەکۆمەڵـــەکانی ئەوکـــات ویـــک چوونێـــک یـــان خاڵـــە هاوبەشـــەکانیان بەرجەســتە بکەیــتەوە. ســەرئەنجام یاداشــتە تاقــەت پرووکێنــەکانی ژینـــەڕال وەلا دەنێیـــت و خـــۆت بـــە یاداشـــت کردنـــی رێکەوتەکـــان و و بابەتـــە هەڵبژاردەکانــەوە ســەرقاڵ دەکــەی کــە بــۆ کــاری لێکــۆڵینەوەکەی خــۆت پێویســتن. کـــات تێدەپـــەڕێ و تـــۆ ســـەیری کاتژمێرەکـــەت ناکـــەی، تـــا ئـــەو کاتـــەی کـــە بـــۆ جـــارێکی دیکـــە دەنگـــی زەنگۆڵەکـــە دەبیســـتیتەوە. پاشـــان جاکەتەکـــەت لەبـــەر دەکـــەیت و بـــەرەو ژووری خـــواردن دەڕۆی. ئەوورا بـــەر لـــە هـــاتنی تـــۆ لـــەوێ دانیشـتووە. ئــەمجارە خــانمی یۆرینتــەش لــە ســەر مێــزی خــواردن ئامادەیــە، بــەرگی خــەوتنی لەبەردایــە، خــۆی لــە چارۆکەیــەک پێچاوەتــەوە و لەچکەیــەکی لــە ســەر

کــــردووه و بـــه ســــەر دەورییەکەیــدا کــۆم بۆتـــەوه. بـــەڵام ئـــەمجاره ئەســـکەملی چـوارەمیش لــه گۆریدایــه. کــاتی بەوێــدا تێدەپــەڕی چـاوت بــەم شـته دەکــەوێ، ئیتـر بــەلاتــەوه گرینــگ نیــه. ئەگــەر نرخــی رزگــاربوونی خــۆت و وەدیهــاتنی خەونــی داهێنــانی ئایەنــدەت لەمەدایــه کــه کــاره سەرشــێتییەکانی ئــەم پیرێژنــه تەحــەمول بکــەی، ئامادەیت و، لــه تواناشدایه کــه زۆر بــه هاسـانی ئـەم نرخـەی بـۆ بـدەی. کـه چـــاو لـــه دیمـــەنی ســـووپ خواردنـــەکـــەی دەکـــەی هـــەوڵ دەدەی بـــه شـــێوەیەک مەزنـدەی تەمــەنی بکــەی. ئەمــه تەمەنێکــه کــه ســاڵانیکی پــڕ له بیــرەوەری لەدوای خــۆی جــێ هێشــتووه و شــوێن هەڵگرتنــەوەی تێپــەڕبوونی ســاڵەکان لەم رابــردووه دا زۆر ئەســتەمه و، لـــه مێــژه خـــانمی کۆنســـۆلۆ ئـــەم ســـنوورەی بەزانـــدووه. لـــه بیرەوەییـــەکانی ژینـــەراڵ دا تـــا ئـــەو جێیـــەی تـــۆ خویندووتـــەوه، باســـی ئەم رابــردووەی تیــدا نــەهاتووه. بــەلام ئەگــەر ژینــەرال لــه کــاتی هێرشــی هیزەکــانی فەرانســه، چـل و دوو سـاڵی تەمــەن بــووبێ و، لــه 1901، واتــه پـاش چـل سـاڵ بـه ســەر ئــەم رووداوەدا مردبــێ، کەواته لـــه کـــاتی مـــەرگ دا هەشـــتاو دوو ســـاڵی تەمــەن بــووه. ئــەو دەبــێ لــه پــاش شکسـتی کورتــاورۆ[4]، و تاراوگــەبوونی لەگــەل ئــەم خانمــەدا زەماوەنــدی کردبــێ. بــەڵام ئــەم خانمــه لــەو ســەردەمەدا کیژۆلەیــەکی بچووک بووه...

ریکـــەوت وبـــەرەوارەکان لـــه زەینـــت دەردەچـــن، چوونکـــه خـــانمی کۆنســـۆلۆ لەم کـــاتەدا بـــەو دەنگـــه لاواز و ناســـکەی و، بـــەو جیکەجیکەیـــەوه کـــه دەلێـــێ باڵـــداره، خـــەریکی قســـەکردنه. رووی قســـەکەی لـــه ئەوورایـــه و تـــۆش وێـڕای ئەوەیکــه خــەریکی خــواردنی، گوێبیســتی تۆمــاریکی دوور و دریــژ و پــڕ لـه گازەنـدەکانی دەبیـت، دەرد وئازارەکـانی، نەخۆشـیه گوماناوییـەکانی، ئـەو گـازه

[4] QUERTARO ئەیالەتیکه له ناوەندی مەکزیکا. کۆماری خوازەکان لەم ئەیالەتەدا ئیمپراتور ماکسیملیەن یان گوله باران کردووه (1867).

و گلەییانــەی کــە لــە نرخــی دەرمانــەکانی گرانتــر و زۆرتــرن، نــم و شــەی خانووەکــە و هەروەهــا لــەم وردە بابەتانــە. بــە تــەمای لــەم پــەیڤی خیزانیــەدا بەشــداری بکــەی و ســەبارەت بــە کارەکــەریک پرســیار بکــەی کــە دوینــێ بــۆ هێنـانی شـت ومەکـەکانت رۆشـتووە، کارەکـەرێک کـە تـا بـە ئێسـتا نـەتبینیوە و بـۆ خزمــەتکاری قــەت لــە ســەر مێزەکــە ئامــادە نــەبووە. بــە تــەمای ســەبارەت بــە کارەکـەرێک پرسـیار بکـەی کـە لـە نـەکاو بـە سەرسـوورمانەوە تێدەگـەی کـە تـا ئــەم کاتــە ئەوورا قســەیەکی لــە زار دەرنەپــەریوە و هــەر وەک ئامیرێــک خــەریکی قــووت دانــی چێشــتەکەیەتی، هــەر دەڵێــی جــاوەڕێی پاڵنــەرێکی دەرەکــی بـووە، تـاکوو کـارد و چەنگاڵەکـەی هـەڵبگرێ و پارچەیـەک لـەو جەرگـە - بـەڵێ، دیســان خــواردنی جــەرگ، بــە رواڵــەت ئەمــە چێشــتی دڵخــوازی ئــەم بنەماڵەیــە - هــەڵبگرێت و بــۆ زاری ببــات. بــە خیرایــی نیگــات لــە پووریــەوە بــۆ برازاکــەی دەگیـڕی، بـەڵام هـەر لـەم کاتـەدا خـانم لـە جوولـە دەکـەوێ و هـەر لـەم دەمەشـەوە ئەوورا کاردەکــەی لــە ســەر دەوریەکــەی دادەنــێ و رادەوەســتێ و، بیــرت دێــتەوە کە خانمی کۆنسۆلۆ بۆ ساتێ دەبێ کە کاردەکەی لە سەر مێزەکە داناوە.

چەنـد خولـەکێک بـێ دەنگـی: خواردنەکـەت تـەواو دەکـەی، لـە حاڵێکـدا ئــەو دوانــە وشــک ورەق، هــەر وەک کۆتــەڵێک، دانیشــتوون و ســەیری تــۆ دەکــەن. ســەرەنجام خــانم دەڵــێ: "گــەلێ هــیلاکم. نــاتوانم لــە ســەر مێزەکــەدا چێشتەکەم بخۆم. وەرە، ئەوورا، یارمەتیم بدە تا بچم بۆ ژوورەکەی خۆم."

ئەگــەرچی رووی قســەکەی لــە ئەوورایــە بەڵام خــانمی کۆنســۆلۆ هــەوڵ دەدا ســەرنجی تــۆ بــەرەو لای خــۆی راکێشــێ: راســتەوخــۆ چــاو لــە تــۆ دەبــڕێ بــەڵکوو تــۆش نیگــای لــێ وەرنــەگێڕێ. تەقەلایــەکت پێویســتە تــا خــۆت لــە ســیلەی ئــەو چاوانــە ببــویری، چــوونکە دیســان زەق، روون وئامــاڵ زەرد دەبنــەوە. ئیــدی دەروەسـتی پـەردەی پێلووکـانی چـاوی و ئـەو چـین و چرووکانـە نـین کـە زۆرجـار

ئەم نیگـایە حەشـار دەدەن. ئـەوجار سـەیری ئەوورا دەکـەی، کـە مـەنگ و ئـارام لــە هـیج رامــاوە و بــە بێـدەنگی لێوەکـانی دەبزوێنــێ. هەڵدەسـتێ و بــە ئـارامی، وەکـوو جـووڵەیەکی خـەیاڵاوی، دەسـتی خـاتووەنی پیـر و پشـت چـەماو دەگرێـت و هێدی هێدی ئەو لە ژووری خواردن دەباتە دەر.

ئێسـتا، تـەنیا هـەر بـە خواردنـەوەی ئـەو قـاوەیـە رادەگـەی کـە لـە دەسـت پێکردنــی خــواردنی چێشــتەکەتەوە لــە ســەر مێزەکــە دانــدرابوو، قاوەیــەکی ســارد کـە قـوم قـوم نۆشـی دەکـەی. لـە حاڵێکـا برۆکانـت تێـک گـرێ داوە، ئـەم پرسـیارە لـە خـۆت دەکــەی کــە داخــوا ئــەم خــانووە ســریمەیەکی شــاراوەی لــەســەر رەوشــتی برازاکــەی دانەنــاوە؟ ئایــا ئــەم کیــژە، ئەوورا جوانەکــەی تــۆ، بــەو بەرگــە ســەوزەیەوە، بــە پێچەوانــەوەی ویســت و داخوازییەکــانی خــۆی لــەم ماڵــەدا رانــەگیراوە؟ بـەڵام بـۆ ئەو دەربـازبوون زۆر هاسـانە، بـە تایبـەت لـەو کاتانـەی دا کـە خـانم لـە ژوورە تاریـک و روونەکـەی خۆیـدا خـەوتووە. بـە خـۆت دەڵێـی بـێ گومـان کاریگـەری ئـەم پیرێژنـە بـە سـەر ئـەم کیـژەدا زۆر قورسـە و لـە خـەیاڵی خۆتـدا ئـەو رێگایانـە مەزنـدە دەکـەی کـە بـۆ دەربـازبوون پێویسـتن: رەنگـە ئەوورا چـاوەڕوانی تـۆ دەکـا تـاکوو ئەو لـە پێوەنـدی ئـەم زەنجیرانـە دا رزگـار بکـەی کـە ئــەم پیرێژنــە شــەڕەنگێز و نگریســە لــە دەســت ولاقــی ئاڵانــدووە. ئەوورا لــە رابردوویـدا دەهێنیتـەوە یـاد، جەسـتەیەکی بـێ گیـان، کەسـێک کـە لـە تـرس وسـامی دەروونـی خۆیـدا ئەفسـون کـراوە، کێژێکـی دڵناسـک کە لـە خـۆی رانـابینێ لـە حانـد ئەم پیرێـژنە سـەرەڕۆیەدا مەتـەقی لێـوە بێـت، ئـەو کاتـە دڵتەنگیـانەی دێنیـتە پـێش چـاوی خـۆت کە لـە بێدەنگیـدا لێوەکـانی دەقرتێنـێ، بـە چەشـێک کـە هـەر دەڵێـی لـە بێدەنگیـدا داوای لــە تـۆ کـردووە تـاکوو رزگـاری بکـەی، کۆیلـە ئاسـایانە لاسـایی گشـت جووڵەیـەکی ئـەم خاتوونـە دەکـاتەوە، بـە چەشـنێ کـە دەڵێـی هـیچ دەراوێکـی

روونـــی بـــۆ نەمـــاوەتەوە و ناچـــارە ملکەچـــی ئەم چارەنووســـە بێـــت کە هەر دووپاتی هەڵس وکەوت و جووڵەی کۆنسۆلۆ خانم بکاتەوە.

لــە حاســت ئــەم ســەرەڕۆییەدا رادەپــەڕیت. بــەرەو دەرگاکــەی دیکــە دەڕۆی، دەرگایــەک لــە خــوار پلیکانــەکان و لــە تەنیشــت دەرگــای خاتوونــە پیرەکــەیە: رەنگــە ئەمــە ژووری ئەوورا بێــت، چوونکــە جگــە لــەم ژوورە شــوێنێکی دیکــەی لــێ نییــە. دەرگاکــە دەکەیتــەوە و دەچیتــە ژوور. ئــەم ژوورەش تاریکــە، دیوارەکــانی ســپین و تــەنیا رازێنــەری ئــەم ژوورە کــۆتەڵی مەســیحێکی رەش وگەورەیــە. بــە دەســتە راســت دا دەرگایــەکی لێیــە کــە بــە رواڵــەت بــە ســەر ژووری پیرێژنەکــەدا دەکرێتــەوە. بــە گورگــەلۆقــە بــەرەو لای دەرگاکــە دەچــی، دەســتی بــۆ دەبــەی، بەڵام دەســت رادەگریــت و لــە ســەر ئــەوە ســاغ دەبیتــەوە کــە وازی لــێ بێنــی و نــەی کەیتــەوە. وا باشــترە پێشــتر لەگــەڵ ئەوورا دا قســە بکــەیت و پرس بە خۆی بکەی.

ئەگــەر ئەوورا چــاوەڕێی یارمــەتی تــۆیە، ئەوا دێــت بــۆ ژوورەکــەت. هــەر بــەم مەبەســتە دەچیتــەوە بــۆ ژووری خــۆت، یاداشــتەکانی خــۆت و دەســت نووســە رەنــگ زەردەکــانی ژێنێــراڵ فــەرامۆش دەکــەیت و، بــە تــەنیا بیــر لــە جــوانی ئەوورایەکــەت دەکەیتــەوە. هــەتا زیــاتر بــە بیریــدا رۆ دەچــی، پتــر ئــەو بــە هــی خــۆت دەزانــی، نــەک هــەر لەبــەر جــوانییەکەی یاخۆ مــەراقی دڵــی خــۆت، بــەڵکە لەبەر ئەوەی کـــە بەتەمـــای لـــەم کویلەیەتییـــە رزگـــاری بکـــەی. زەمینەیـــەکی ئــەخلاقیت بــۆ مەراقەکــەی دڵــی خــۆت دۆزیوەتــەوە و، لە ویژدانــت دا هەســت بە بێ گوناحی و رازی بوون دەکەی.

کە بــۆ جــارێکی دیکــە گوێــت لــە دەنگــی زەنگۆڵەکــە دەبێتــەوە، ئیتــر ئەمجــارە بــۆ خــواردنی شــێو ناچیتــە خــوار. چوونکــە وازی ئــەوەت نەمــاوە کە بــۆ جــارێکی دی دیمــەنی رووداوێــک تەحــەمۆل بکــەی کــە نیــوەڕۆ شــاهیدی بــووی.

رەنگە ئەوورا لەم مەبەستەی تۆ تێ بگات و پاش خواردنی شێو سەردانت بکا.

خۆت بە کارکردن لە سەر دەست نووسەکان سەرقاڵ دەکەی. چون لە خوێندنەوەیان وەڕەز دەبی، بە هێمنی جل وبەرگەکانت لەبەر دادەکەنی، دەچیتە نێو پێخەفەکەت و دەردەم خەوت لێ دەکەوێ. بۆ یەکەم جار پاش ساڵانێکی زۆر خەون دێتە سوراغت. خەون بە تاکە شتێکەوە دەبینی، خەونی دەستێکی رەقەڵە و بێ گۆشت کە بە زەنگۆڵەیەکەوە بەرەو لای تۆ دێت، بە سەرتدا دەگوڕێنێ و پێت رادەگەیەنێ کە دەبێ لەم شوێنە بڕۆی، نابێ کەس لێرە بمێنێتەوە. هەرکە ئەو روخسارە، بەو گۆڕە بەتاڵەی چاویەوە لە روخسارت نێزیک دەبێتەوە، بە هاوارێکی نووساوەوە و شەلاڵی عارەقە، بە ئاگا دێیتەوە. لە نەکاو هەست بە گەرمای دەستێکی دلۆڤان دەکەی کە گۆنات نەوازیش دەکات. لەم کاتەدا جووتێ لێوی ناسک دەبینی کە بە هێواشی نەغمەیەکی لێ دەبێتەوە. ئەهوەندت دەکاتەوە و داخوازی ئەوەیە کە لەگەڵی دا میهرەبان بی. دەست درێژ دەکەیت، بەڵکوو هەست بە لەشێکی ناسک بکەی، باڵایەکی رووت کە کلیلێک بە گەردەنیەوە هەڵواسراوە. هەر کە کلیلەکە دەنینی، ئافرەتێک دەناسیتەوە کە هەر ئێستا لە تەنیشتت راکشاوە و ماچت دەکا و لە سەرتا بە پێتەوە ماچ هەڵدەگرێتەوە. لە تارمایی ئەو شەوە بێ ئەستێرەیەدا هەتەری بینینی ناکەی، بەڵام بۆنێکی خۆش لە پرچەکانیەوە دێنە بەر کفنکت، لە ئامێزتدا هەست بە ئەندامی لەشی دەکەی: بۆ جارێکی دیکە ماچی دەکەیتەوە و، حەز ناکەی دەنگی لێوە بێت.

ئەوجار کە بە هیلاکی، خۆت لە باوەشی دەردەهاوێی، گوێت لە یەکەم نەغمەی دەبێ: "تۆ مێردی منی." قبووڵتە. دەڵێ بەرەبەیانە، هەر بۆیە بە جێت دەهێڵێ و پێت رادەگەینێ کە سبەی شەوێ لە ژوورەکەی خۆیدا

چاوەڕێت دەکا. دیسان قبووڵتە و خەوت لێ دەکەوێتەوە، ئاسوودە، سووک و شل، مەراق لە هەناوتدا بەتاڵ دەبێتەوە. هێشتاش هەست بە لەشی نەرمی ئەوورا دەکەی، لەرزەکانی، خۆ شل کردنەکەی.

رابوون بە لاتەوە دژوارە. دەنگی چەند تەقەیەک لە دەرگا بەرز دەبێتەوە. سەرئەنجام لە پێخەفەکەت دێیتە دەر، بە بۆڵەبۆڵ بەرەو دەرگاکە دەڕۆی، هێشتا خەواڵووی. ئەوورا لەو دیوی دەرگا، پێت رادەگەینێ کە دەرگاکەت نەکەیتەوە. دەڵێ کۆنسۆلۆ حەز دەکا قسەت لەگەڵ بکا، لە ژوورەکەیدا چاوەڕێت دەکا.

پاش تێوەرسووڕانی دە خوولەک دەچی بۆ نوێژخانەکەی بێوەژن. بە قیتی پاڵی بە بالیفەکانەوە داوە. بێ هەست، لە بن ئەو پێلووە پڕ لە گنج و شۆڕەیدا چاوەکانی حەشار دروان و رەنگی مەرگیان پێوە دیارە. بە چاوی خۆت گنجە هەڵمساوەکانی بن چاوی و پرووکانی پێستی روخساری دەبینی.

بە بێ ئەوەی چاو هەڵێنێتەوە پرسیارت ئاراستە دەکا: "کلیلی جانتاکەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە؟"

"بەڵێ، پێم وایە... بەلێ، ئەوەتا."

"ئەوجار دەتوانی بەشی دووهەمیش بخوێنیتەوە. هەر لەوێدایە. نەوارێکی رەنگ ئاسمانی لە دەوری ئاڵاوە."

ئەمجارە، بە بێزارییەکی تایبەت، بەرەو لای جانتاکە دەڕۆی؛ مشکەکان لەو دەوروبەرە تریلەیانە، لە درزی دارە رزیوەکانی عەرزی ژوورەکەرا بەو چاوی پڕ بریسکانەوە لە تۆ رادەمێنن و بە غاردان خۆ بە کونی دیوارەکاندا دەکەن. جانتاکە دەکەیتەوە، دەستەی دووهەمی کاغەزەکان هەڵدەگری و دەگەڕێیتەوە بۆ لای خواری قەرەوێڵەکە. خانمی کۆنسۆلۆ خەریکی نازکێشانی کەرویشکە سپییەکەیەتی. وەک قارەقاری قاڵاوێک

پێکــەنینێک لــە قورگــە وشــک و برینگەکەیــەوە دەردەپــەڕێ و لــە تــۆ دەپرســێ: "کەیفت بە ئاژەڵ دێ؟"

"نــە، زۆر کــەیفم پێیــان نایــەت. ڕەنگــە هۆیەکــەی لــەوەدا بــێ کــە قــەت ئاژەڵم ڕانەگرتووە."

"بــۆ دۆســتایەتی زۆر باشــن. هــاودەمێکی بــە ئەمــەگن. بــە تایبــەت لــەو کاتانەیدا کە مرۆڤ پیر و تەنیایە."

"بەڵێ، حەتمەن دەبێ هەروا بێ."

"قــەت لــە خۆیــان نــاگۆڕن، جــەنابی مــۆنتێرۆ. هــیچ ڕواڵەتێکــی دەسکرد لە خۆیان دەرناخەن."

"وتت ناوی چیە؟"

"کەروێشــکەکە دەڵێــی. نــاوی ســاگایە. زۆر ژیــر و زیرەکــە. پــەیڕەوی لە غەریزەی خۆی دەکا. سەربەست و سرووشتییە."

"پێم وا بوو نێرەیە."

"چی؟ وادیارە هێشتا فەرقی نێر و مێ ناکەی ؟"

"دەی، گرینــگ ئەوەیــە کــە تــۆ زۆر هەســت بــە تــەنیایی و تــەریکی نەکەیت."

"ئــەوان حــەز دەکــەن ئێمــە تــەنیا بــین، جــەنابی مــۆنتێرۆ. چوونکــە پێمــان ڕادەگــەینن کــە خــۆ لــە دونیــا تــەریک کــردن ڕێگــای گەیشــتن بــە پلــەی پیاوچاکانــە. لە بیریان چۆتەوە کە لە تەنیایی و تەریکی دا نەفس گەلێ بە هێزتر دەبێ."

"خانم، من سەرم لەم شتانە دەرناچێ."

"ئــای، چــاکتر کــە ســەری لــێ دەر ناکــەی. ئێســتا داوات لێدەکــەم بچیتــە سەر ئیشەکەت."

پشتی تێ دەکەی، بەرەو دەرگاکە دەڕۆیت و ژوورەکە بە جێ دێڵی. لە دالانەکەدا ددانەکانتی لێ گڕ دەکەیتەوە. بۆچی ئەوەندەت جەرگ نەبوو کە پێی بڵێی ئەو کیژەت خۆش دەوێ؟ بۆچی ناگەڕێیتەوە و، جارێک و بۆ هەمیشە، پێی راناگەینی کە کاتێ کارەکەت کۆتایی پێ هات بە تەمای ئەوورا لەگەڵ خۆتدا ببەی؟ بۆ جارێکی دیکە لە دەرگاکە نێزیک دەبیتەوە و کەچی هێشتا هەر دوو دڵی، پاڵی پێوە دەنێی و، لە درزی دەرگاکەڕا چاوت بە خانمی کۆنسۆلۆ دەکەوێت کە راوەستاوە، شەق و قیت. ئاڵ وگۆڕێکی سەیری بە سەردا هاتووە. دەبینی کە جاکەتێکی ئەفسەری لە باوەش گرتووە، جاکەتێکی رەنگ ئاسمانی کە قۆپچەکانی ئاڵتونین، سەرشانەکانی سوورن، مەدالیاکانی بریقە دەدەنەوە - جاکەتێک کە خانمی پیر جارجارە درندانە گازی پێدا دەگرێ، تاو ناواێ میهرەبانانە رایدەمووسێ، بە سەر شانەوە لەبەری دەکا و بە لاقە لەرزۆکەکانیەوە، چەند شەقاوێ سەمای پێوە دەکا. دەرگاکە دادەخەیتەوە.

"کاتێ لەگەڵیدا ئاشنا بووم پازدەساڵی تەمەن بوو." لە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانی ژێنەراڵ دا ئەمە نووسراوە: "کاتێ لەگەڵی ئاشنا بووم تەمەنی پازدە سالان بوو و، رەنگە بتوانم دان بەوەدا بنێم کە ئەو چاوە سەوزانەی بوون کە منی گیرۆدەی ئەو کرد". چاوە سەوزەکانی کۆنسۆلۆ، لە 1867، زەماوەندی لەگەڵ کۆنسۆلۆ کردووە و کاتێ ژینەڕاڵ یۆرینتەیان بەرەو تاراوگە واتە بەرەو پاریس رەوانە کردووە ئەوی لەگەڵ خۆیدا بردووە، هەر پازدە ساڵی تەمەن بووە. لە دەقیکی پڕ هەست و لە ساتە وەختێکی ئیلهام هێنەردا ئاوا دەنووسێ: "بووکەلە بچکۆلەکەم، بووکەلە بچکۆلە چاو سەوزەکەم. دەرونم تەژی بووە لە عەشقتدا." لێرەدا باس لەو خانووە دەکا کە ژیانیان تێدا بە سەر بردووە، باسی گەشت وگەڕانەکانیان، ئاهەنگی سەما،

فایتۆنــەکان، جیهــانی ئیمپراتۆریــەتی دووهــەم[5] دەکــات. ژینــەڕاڵ ئــەم بابەتانــەی وەسـف کــردووە، بــەڵام گشــتیان بــە شــێوازێکی ئــاڵۆز کــە پیــاو ســەریان لــێ دەرناکـا. "تەنانــەت بێـزاری دەربڕینــی ئــەوم لــە حاسـت پشـیلەکاندا پــێ تەحــەمول دەکـرا. منێـک کـە پـڕ بـە دڵ ئـەم بەسـتەزمانە جوانانــەم زۆر خـۆش دەویسـتن...". ڕۆژێـک چـاوی بـە کۆنسـۆلۆ دەکـەوێ کـە پشـیلەیەک جەزرەبـە دەدا: بـە تونـدی پشــیلەکەی لــە نێــو لاقانــدا گرتبــوو، داوێنــە فشــەکەی هەڵــدرابووەوە و، لەو دەمەودەسـتەدا ژینـەراڵ نـەیزانیوە چـی بکـا کـە سـەرنجی ئـەو بـەرەو لای خـۆی ڕاکێشــێ. چــوونکە وای هەســت کــردووە کــە: "زۆر بەســتە زمانانــە، تــەنیا لــە ڕووی منداڵییــەکی مــەحزەوە، ئــەم کــارەت بــە ئــەنجام دەگەیانـد". لـە ڕاسـتیدا ئـەم دیمەنــە تــا بەرادیــەک ژینــەراڵ دەهــاروژێنێ کــە - ئەگــەر بــڕوا بــەو شــتە بکــەی کــە ئــەو نووســیویەتی - هــەر بــۆ ئــەو شــەوە بــە هــەژانێکی لــە ڕادەبــەدەر عیشــق بــازی لــە گەڵــدا کــردووە. "چونکــە بــە منــت دەوت کــە بــە جەزرەبــەدانی ئــەم پشـێلانە، بـە شـێوازی خـۆت بـۆ پتـەوترکردنی بـەڵێنی ئەوینەکـەمان قوربانییـەک پـێش کـەش دەکـەی". ئێسـتا ئەتـوانی مەزنـدەی تەمەنــی بکـەی. خـانمی کۆنسـۆلۆ دەبـێ سـەت و نـۆ ساڵی تەمـەن بێـت. هاوسـەرەکەی پـەنجا و نـۆ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا مــردووە. "چەنــدە بــە مشــوورەوە جـل و بــەرگ دەپۆشــی، کۆنسـۆلۆی نــازدار، بــەردەوام بــەرگێکی مەخمــەری ســەوزی دەپۆشــی، ســەوز هــەروەک چاوەکــانی، لـە سـەر ئـەو بـاوەڕەم کـە ئـەم جوانییـە ئەبەدی دەبـێ، تەنانـەت پـاش سـەد ساڵی تـریش..." هەمیشــە لــە بــەرگێکی ســەوزدا. جوانییــەکی هەمیشــەیی، تەنانــەت پــاش ســەد سـاڵ. "هێنــدە بــە جوانیەکــەت دەنــازی و، لەبــەر ئەوەیکــە بــەردەوام جــوان بمێنیتەوە، کاری زۆر سەیر و سەمەرە دەکەی".

---

[5] مەبەست لە سەردەمی پاشایەتی لە فەرانسەیە (1852 تا 1870) کە دامەزرێنەکەی لویی بوناپارت بووە.

# ٤

ئێستا بۆت روون بۆتەوە کە لەبەرچی ئەووار لەم خانووەدا دەژیت: لەبەر ئەوەی کە خولیای جوانی و وێنای لاویەتی لەم پیرێژنە کەنفت و شێتەدا ئەبەدی بکا. ئەم ئافرەتە ئەوورای هەروەک ئاوێنەیەک، وەکوو یەکێ لە تابلۆکانی سەر دیوارەکانی ئەم خانووە، وەکوو پارچە خشڵێکی نێو دیارییەکانی، دڵە بێ خوێنەکانی نێو قاوغەکان، وێنەی پیاوچاکان و شەیتانە دەسکرد وخەیاڵییەکەی لەم خانووەدا راگرتووە.

واز لە دەست نووسەکان دێنی و بەرەو نهۆمی خوارێ دەڕۆی. لە بیری ئەوەدای کە ئەوورا سەر لە بەیانیان دەتوانێ لە شوێنێک بێ – ئەو شوێنەی کە ئەم پیرێژنە چاوچنۆکە بۆی دیاری کردووە.

وایە، ئەو لە چێشتخانەدا دەبینیتەوە کە خەریکی سەربڕینی کاریلەیکە. ئەو هەڵمەی کە لەو قورگە ئاوەڵایەوە هەڵدەستێ، بۆ ساردی خوێنی رژاو، چاوە تروسکەدارەکەی ئەو ئاژەڵە، هەمووی ئەم دیمەنانە دڵت لە خێڵەکەوە دێنێ. ئەوورا بەرگێکی شڕۆڵ و خوێناوی لەبەر کردووە و بسکی ئاڵۆز وپەرێشانە. وەک ئەوەی خۆی لە ناسیاوی دا، بە شێوەیەکی نامۆیانە سەیرت دەکا و لە سەر کاری قەسابییەکەی بەردەوام دەبێ.

لە چێشتخانە دەچیتەدەر، حەتمەن ئەمجارە قسە لەگەڵ خانمی پیر دەکەی، حەتمەن رەزیلی و سەرەڕۆییەکەی بە چاوییدا دەدەیتەوە. کە دەرگاکە

دەکەیتــەوە ئــەو دەبینــی کــە لــە پشــت حیجــابی تیشــکدا راوەســتاوە و، لــە بەرامبــەر کەشـێکی بـۆش دا خــەریکی بەئــەنجام گەیانــدنی رێ و رەســمێکە، مســتێکی بــە حەواوەیە، بــە چەشــنێک کــە هــەر دەڵێــی شــتێکی بــە حــەواوە راگرتــووە. لــە پەنجــەکــانی دەســتەکەی دیکەیــدا شــتێک دەگوشــێ وبــەردەوام بــە شــوێنێکی دا دەکــوتێ. ئــەوجار دەســتەکانی بــە ســینگی خــاوێن دەکاتــەوە، هەناســەیەک هەڵدەکێشــێ و دیســان بــە حــەواوە دەســتی هەڵدەســوورێنێ و بۆشــایی ئەوکەشــە دابڕدابــڕ دەکــا. بــە چەشــنێک کــە هــەر دەڵێــی- وایە، ســوور ســوور دەیبینــی- خەریکی کەوڵ کردنی ئاژەڵێکە...

بــە پەلــە بــە داڵان، دیوەخــان و ژووری خواردنــدا تێدەپــەڕی و دەگەیتــە ئــەو شــوێنەی کــە ئەوورا خەریکــە بــە هێــوری کاریلەکــە کــەوڵ دەکــا. بــە نــاخی کارەکەیــدا رۆ چــووە و بــە رووی خۆیــدا ناهێنێــت کــە هەســتی بــە هــاتنی تــۆ کــردووە، یــان رەنگــە خــۆت وا هەســت دەکــەیت. بــە چەشــنێک ســەیرت دەکــا کــە دەڵێی باڵات هەروەکوو هەوا نادیارە.

بـــە غـــاردان بـــەرەو ژوورەکـــەت دەچـــی. دەچیتـــە ژوورەوە. پـــاڵ بە دەرگاکــەوە دەنێیــت، دەڵێــی ترســت لەوەیــە کــە کەســێک رەپێــت بنــێ. هەناســەت ســوار دەبێــت و شــەلاڵی عــارەقەی. تــرس ودڵەخورپــە دات دەگــرێ، تــرس لە یەقینەکــەت. ئەگــەر شــتێک یــان کەســێک بــە تــەمابێ بێتــە ژوورەکــەت، لــە خــۆت رانــابینی خۆراگرتــووی لــە بەرامبــەردا پیشــان بــدەی. خــۆت بەدەســتەوە دەدەیــت و بەر دەرگاکــەی بــۆ بــەر دەدەی و رێــگەی پــێ دەدەی کە چــی حەز لــێ بێــت بــە ســەرتدا بێنێــت. بــە شــڵەژاوی و تــرس و ســامەوە خــۆت لــە ســەر ئەســکەملە راحەتیەکــەت رادەژێنــی وئــەوجار بــە ســەر قەرەوێڵەکەتــدا دەکــەوی. شــەکەت، بــە بــێ ئــەوەی هێــزی ئیــرادەت تێــدا مابێتــەوە، بــە چــاوانێکی بەســتراوە و دوو باســکی

شــل کــە لــە دەوری بالیفەکــەت هاڵانــدووە رادەکشــێیت - بالیفیــک کــە هــی خــۆت نیە، هیچ شتێک هی تۆ نیە.

بــە نــاخی وڕوگێــژی خۆتــدا رۆ دەچــی، دەچیتــە نێــو قــوڵایی خەونێکــەوە کــە تاکــە رێگایەکــە بــۆ دەربازبوونــت، دەربــاز بــوون لە شــێت بــوون. چەنــدجار لــە ســەریەک ئــەم وشــانە دووپــات دەکەیتــەوە: ( ئــەم ژنــە شــێتە، شــێتە). دووپــاتی دەکەیتــەوە تــاکوو خــۆت لــە خــەو بێنــی و، بــۆ جــارێکی دیکــە دێتــەوە بــەر چــاوت کــە ئەو بــە چــەقۆیــەکی خــەیاڵی کاریلــە خەیاڵییەکــە کــەوڵ دەکــا. "ئــەم ژنــە شــێتە، شێتە..."

لــــە قــــووڵایی هەڵــــدێرێکی تاریکەکــــەوە، لــــە خــــەون و خەیاڵــــە کــــپ مەندەکەتــــدا کە تەنــــانەت دەنــــگ لەو زارو لێوانەشــــەوە نــــایەت کە دەجــــووڵێنەوە، دەبینی کە بەرەو لای تۆ دێت، دەبینی کە بەرەولای تۆ خۆ دەکێشێ.

لــە بێدەنگیــدا، دەســتە کــز وبــێ گۆشــتەکانی دەجووڵێنێتــەوە. بــەرەو لات دێ تــاکوو روخســاری لــە رووت بخشــێنێ و تــۆش پووکــە خوێناوییەکــەی، پووکــە بــێ ددانــەکانی خــانمی پیــر دەبینــی و، یــەک بــە خــۆت دەقیژێنــی و ئیتــر ئــەو بــە دەســت جۆڵاندنــەوە لێــت دوور دەکەوێتــەوە و تــۆش ددانــە زەرد هەڵگــەراوەکــانی کە رژاونەتە نێو کۆشتەوە، لە هەڵدێرەکەوە بەر دەدەیتەوە:

قیژەکــەت دەبــێ بە زایەڵــەی دەنگــی زریکــەی ئەوورا. لــە خەونکەتــدا ئــــەو بەرانــــبەرت راوەســــتاوە و یەک بەخــــۆی دەزریکێنــــێ، چــــوونکە کەســــێک داوێنی کراسە سەوزەکەی هەڵدریوە، ئەوجار روو لە تۆ دەکا.

تیتۆڵــــە هەڵــــدراوەکانی داوێنەکــــەی بە دەســــتەوە گرتــــووە، ددانەکــــانی خــانمی پیــری وەک تاقمێــک لەســەر ددانەکــانی خــۆی دانــاوە و روو لــە تــۆ دەکــا و بــە بێــدنگی پێدەکــەنێ. لــەم ســاتەدا، لاقــەکانی، لاقــە رووتــەکانی لــەت بــە لــەت هەڵدەوەرێن و بەرەو هەڵدێرەکە خۆی فڕێ دەدات...

تەقـەی دەرگـا و، ئـەوجار دەنگـی زەنگۆڵەکـە. زەنگـی خـۆ ئامـادەکردن بـۆ خـواردنی شـێو. تـا بـە رادەیـەک تووشـی ژانـەسـەر هـاتووی کـە عەقرەبـەکانی کاتژمێرەکـەت بـۆ لێـک جیـا نابێتـەوە، بـەڵام دەزانـی کـە درەنـگ وەختـە. لـە بـان سـەرتەوە، لـەسـەر هەورەبانـە شووشـەیەکـەڕا چـاوت بـە هـەوری شـەوگار دەکـەوێ. بـە ئازارێکـەوە کـە بـە هـەموو لەشـتدا دەگـەڕێ هەڵدەسـتێ، برسـی و گێـژ. سـوراحییە شووشـەییەکە لەبـەر بەلۆعـە ئاوەکـە رادەگـری، چـاوەڕێی هـاتنی ئـاو دەکـەی، سـوراحییەکە پـڕ دەکـەیت و دەیکەیتـە نێـو دەسـت شـۆرییەکە. سـەروچاوت دەشـۆی، بـە فڵچـە کۆنەکـەی ددانـت کـە مـەعجوونێکی سـەوزی لـە سـەرە، ددانـەکانت خـاوێن دەکەیتـەوە. دەسـتێکی تـەڕ بـە پرچەکانتـدا دەهێنـێ- دیـارە ئاگـات لـە خـۆ نیـە کـە بـە ئـەنجام گەیانـدی ئـەم ئەرکانـەت بـە پێچەوانـەی رەوتـی ئاسـایی خۆیـانن- و بەرابـەر بـە ئاوێنـەی دۆڵابەکـە، بـە وەسواسـەوە پرچـەکانت شـانە دەکـەی. پاشـان، بۆێنباغەکـەت گـرێ دەدەی. جاکـەتەکەت لەبـەر دەکـەی و بـەرەو نهـۆمی خـوارێ و بـەرەو ژووری خـواردن دەڕۆی. لـەوێ تاکـە جێیەک بۆ خواردن ئامادە کراوە - جێگایەک بۆ تۆ.

لـە کـن دەورییەکـە، لـە بـن دەسـماڵی سـفرەکەوە، بـە قامـک شـتێک نـەوازیش دەکـەی: بووکەلەیـەکی نالـەبار کـە لـە کووتـاڵ دروسـت کـراوە، سیخناخ لـە گـەرد و خۆڵـە و لـە قڵشـتی شـانەکانیەوە تـۆز هەڵدەسـتێ. بـە مرەکـەبی چینـی روخسـاری نەخشـاووە و، بـە فڵچـەی رەنـگ هێلکـاری لـەسـەر ئەنـدامە رووتەکەی کراوە. بووکەڵەکەت بە دەستی چەپ راگرتووە.

بـە بـێ ئیـرادە خواردنەکـەت دەخـوێ، سـەرەتا هەسـت بـە حاڵەتـە ئەفسـووناوییەکەت نـاکەی، بـەڵام دواتـر هۆکارێـک بـۆ خەونە ئـاڵۆزەکەت بـە زەینـت دەگـا، هۆکـاری مۆتـەی شـەوانەت و هەروەهـا هەسـت بە هاوئاهـەنگـی نێـوان جووڵـە خـەواڵووەکانت و جووڵـەکانی ئەووار و خـانمی پیـر دەکەی. لـە

نــەکاو هەســت بە بــوونی پەتــایەکی نەهێنــی دەکەی. پەتــایەکی گیــرۆ کە لــە کڵێشــەی ئــەو بووکــە ترســهێنەرەدا خــۆی حەشــار داوە و گوومانــت تێــدا دروســت دەکــا و هەســتی بێزاریــت تێــدا دەهــارووژێنێ. فڕیــی دەدەی. بــە دەســرەی ســەر ســفرەکە زارت خــاوێن دەکەیتــەوە، چــاو لــە کاتژمێرەکــەت دەکــەیت و بیــرت دێتەوە کە ئەوورا لە ژوورەکەیدا چاوەڕێی تۆ دەکا.

بــە ماتــەمات لــە دەرگــای ژوورەکــەی کۆنســۆلۆ خــان نێزیــک دەبیتــەوە، بــەڵام لــە ژوورەکــەیرا هــیچ دەنگێــک نابیســرێ. بــۆ جــارێکی دیکــە چــاو لــە کاتژمێرەکــەت دەکەیتــەوە: هێشــتا ســەعات نیزێــک بــە نۆیــە. بڕیــار دەدەی کــە بــە کوێرەکــوێر و پەل کوتــان بچــی بــۆ حەوشــە ســەر داپۆشــرا و تاریکەکــە، حەوشــەیەک کــە لــە یەکــەم ڕۆژی هاتنتــەوە - بــە بــێ ئــەوەی چــاوت بــە شــتێک کەوتبێ - بە نێویدا تێپەڕیوی و، هەتا ئێستاش رووت تێ نەکردۆتەوە.

دەســت بــە یــوارە شــەدارەیەکەیــدا دێنــێ کــە بــە قــەوزە داپۆشــراوە. هــەوا بــۆن خۆشــەکەی هەڵــدەمژی و هــەوڵ دەدەی ئــەو بــۆنە جوراوجۆرانــە لێــک جیــا بکەیتــەوە کــە دێنــە بــەر هەناســەت، بەڵــکە بــەم جــۆرە بتــوانی بــۆن عــەترە قــورس و گرانباییەکــانی دەورو بــەرت بناســیتەوە. بڵێســە لەرزانەکــەی شــەمچەکەت بــە ســەر حەوشــە تەســک و چکۆلەکــەدا تیشــک بــڵاو دەکاتــەوە، ئەو حەوشــەیەی کــە رووەکــە جۆراوجۆرەکــان لــە هــەموو لایەکیــەوە لــە ســەر گڵێکــی نــەرم و ســووردا شــین بــوون. دەتــوانی هێنــدێ لە گــژ و گیــا بــەرز و پــر چــڕو بــەرگەکان بناسیتەوە کــە لــە بــن شــەوق دانــەوەی گــڕی شــەمچەکەتدا ســێبەریان بــە ســەر دیوارەکانــدا دەکــەوێ. بــەڵام شــەمچەکــەت تــا قۆنچکەکــەی دەســووتاوە و قامکــەکانت کــزەی لــێ هەڵدەســتێ. دەبــێ شــەمچەیەکی دیکــە ئــاگر بــدەی تــا بــەم جــۆرە بتــوانی دیتنــی گوڵــەکان، میوەکــان و گشــت رووەکەکــان بــە کۆتــایی بگــەینێ کــە لــە ڕووداوە ســەیرو ســەمەرەکانی ســەردەمی کــەونارادا شــتت لــە ســەر خوێندوونەتــەوە. ئــەو

رووەکــە فــەرامۆش کراوانــەی کــە لــەم حەوشــەیەدا بــە بــۆن خۆشــی و خەواڵووانــە شـین دەبـن. گـەڵا بـەرزەکان و گـەڵا پانـەکان و گـەڵا جنجرەکـانی (سـیکەران)، لقـە تیــک هاڵاوەکانیــان و ئــەو گوڵانــەی کــە پشــتیان زەرد و دەروونیــان ســوورن، گـەڵای ( تـاج ریـزی)، نـووک تیـژ و بـە شـێوەی دڵ، کۆلکـە خۆڵـە مێشـییەکانی گوڵـە ( مـاهوور) بـەو گوڵـە هێشـوویانەیەوە، شمشـادی پـڕ لـق و پـۆ بـە گوڵـە سـپی یەکانیـەوە و ( بـەلادون). لـە بـن بلێسـەی شـەمچەکەی تـۆدا ئـەم رووەکانـە گیانیـان بـە بـەردا دەکرێتـەوە و هێـدی هێـدی سێبەرەکانیان بـە بادانەوەیـەکی نـەرم و نیـان سـەما دەکـەن و، سـریمەی هـەر کـام لـەم رووەکانـە لەسـەر خـۆت هەسـت پێـدەکەی: بیبلبیلـەی چاوەکانـت دەکەنـەوە، سـووکنایی بـە ئـێش و ژان دەدەن، لـە ژانـی زاوزێ کـەم دەکەنـەوە، ئـارام بەخشـن، دەمـاری ئیـرادە شـل دەکەنـەوە و هێمنایەتی یەکەی شەهوەت هێنەر بە دەروون دەبەخشن.

ئـەوجار کـە شـەمچەی سێهەمت لـێ دەکووژێتـەوە، هـەر تـۆ دەمێنێتـەوە و بـۆ عـەتری رووەکـەکان. بـە هێـوری بـەرەو داڵانەکـە دەڕۆی ، بـۆ جـارێکی دیکـە لـە پشـت دەرگـای کۆنسـۆلۆ خـان دا گـوێ رادەدێـرێ و ئـەوجار بـە ماتـەمات بــەرەو ژووری ئەوورا دەرۆی. لە دەرگــا نادەیــت و بە هێــوڕی دەکەیتــەوە و، پــێ دەخەیتــە ژوورێکــی چــۆڵ. لە ژوورەکەدا رووناکــایی شــەبەنگێکی بازنــەیــی بــە ســەر قەرەوێڵــەکــەدا، بــە ســەر خاچــە گــەورە مەکزیکییەکەیــدا و بــە ســەر ئافرەتێــک دا کــەوتووە کــە لەگەڵ قەپــات کردنــی درگــای ژوورەکەی بــەرەو لات دێ. ئەوورا بــەرگی ســەوزی لەبــەر دایــەوە و، هــەر کــە لێــت نێزیــک دەبێتــەوە رانــە ســپییەکانی دەردەکــەون کــە وەک مانگــە شــەو بریســکەی دێــت. ئافرەتێــک، هــەتا لێــت نێزیکتــر دەبێتــەوە لــە بــەر خۆتــەوە دووپــاتی دەکەیتــەوە: ئافرەتێــک، کیژەکــەی دوێنــێ نەبــوو، کیژەکــەی دوێنــێ - دەســت بــۆ قامکــەکــانی ئەوورا و دواتـر دەسـت بـۆ کەمـەری دەبـەی - تەمـەنی هـەر بیسـت سـاڵ دەبـوو. ئافرەتەکـەی

ئـــەمڕۆ- لە حاڵێکـــا بســـکی پەریشـــان و گۆنـــا رەنـــگ هەڵبزرکاوەکـــەی نـــەوازیش دەکـــەی – وەک ئـــافرەتێکی تەمـــەن چـــل ســـاڵە خـــۆ دەنـــوێنێ. لـــە دوێنـــەوە تـــا بـــە ئـــەمڕۆ شـــتێک لـــە چاوەکانیـــدا قـــورس بـــووە، ســـوورایی لێوەکـــانی بـــە رادیـــەکی بـــەرزتر لـــە حاڵـــەتی ئاســـایی کێشـــراوەتەوە، بـــە چەشـــنێک کـــە دەڵێـــی ویســـتوویەتی شـــێوەی ئـــەکتـــەرێکی ســـیرک بـــە لێوەکـــانی ببەخشـــێ. بزەیـــەکی زۆرەملییانـــە لەســـەر لێوەکـــانی دەنیشـــێت، ئـــەم زەردەخەنەیـــە هـــەروەک رووەکـــەکـــانیی نێـــو حەوشـــەکە، تامـــاوی هـــەنگوین و کـــەکرە دەدەنەوە. لەوە زیـــاتر دەرفەتـــەت نیـــە کـــە بیـــر لـــە بابەتێکی دی بکەیتەوە.

"فلیپە، لە سەر قەرەویڵەکە دانیشە."

"زۆر باشە."

"ئەمشـــەو کـــایە دەکـــەین. پێویســـت ناکـــا تـــۆ هـــیچ بکـــەی. بـــۆ خـــۆم هـــەموو کارەکان بە ئەنجام دەگەینم."

بـــە دانیشـــتنت لـــە ســـەر قەرەوێڵەکـــە لـــە دوای ســـەرچاوەی شـــەبەنگێک، ئـــەو تیشـــکە رەنـــگ شـــیرییە دەگـــەڕێی کـــە زۆر بـــە ئاســـتەم دەتـــوانێ کـــەل و پـــەلی نێـــو ژوورەکـــە و حـــزووری ئەوورا لـــە بـــن تیشـــکیدا بناســـێتەوە. حزوورێکـــی خەیـــاڵی کە لـــە بـــن کەشـــێکی رەنـــگ زێـــڕین دا دەتلێـــتەوە. دەتبینـــێ کـــە چـــاو بە مـــێچکەکەدا دەگێـــڕی بەڵـــکە بزانـــی ئـــەم تیشـــکە لـــە کـــوێرا دێـــت. لـــە دەنگـــی ڕا هەست دەکەی کە لە بن پێت دا چۆکی داداوە.

"ئاســمان نــە نــزمە و نە بەرزیشــە. هــەم لــەم بــان ســەرمانەو هــەمیش لــە بن پێمانە."

پـــێڵاو و گۆرەوییـــەکانت لـــە پـــێ دادەکـــەنێ و لاقـــە رووتەکـــەت نـــەوازیش دەکا.

هەست بە تینی گەرمە ئاوێک دەکەی کە لاقەکانتی تێ هاویشتووە و، ئەوورا بە قوماشێکی زبر لاقەکانت دەشوا و جارناجار دزە نیگایەک ئاراستەی مەسیحە کۆلیاری کراوەکەی سەر دیوارەکە دەکا. پاشان لاقەکانت وشک دەکاتەوە، دەستت دەگرێ و چەندانە گوڵە وەنەوشە لە قژە ئالۆزەکەی دەخات و نەغمەیەک دەچرێنێ. سەمای والسێک[6]، بە دەم نەغمەکەیەوە لە گەڵی دا سەما دەکەی. خۆت دەدەیتە بەر شەپۆلی نەغمەی دەنگی و بە نەرم و نیانی، گوێ بە چراندنە مەنگ و گرانەکەی دەسپێری و، خۆت دەلەنگێنی. نەغمەیەک کە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ سووکە جووڵەی دەستەکانی، کە هەر ئێستاکە بە هێمنی یاری بە قۆپچەی کراسەکەی دەکا و وەکوو لاولاو خۆی لە دەورت دەهاڵێنێ. تۆش وێڕای ئەو، ئەو ئاوازە بێ وشەیە دەچڕێنی. ئەم نەغمەیە بە شێوەیەکی سروشتی لە قوڕگتەوە هەڵدەستێ. پێکەوە دەخولێنەوە و بە هەر سووڕانێک، لە پێخەفەکەتان نێزیکتر دەبنەوە. ئەوجار چڵێسانە زاری ئەوورا رادەمووسیت و ئاوازەکە خامۆش دەکەیت و، بە هەڵگرتنەوەی ماچێک لە سەر شانە سپییەکانی کۆتایی بە سەماکەتان دێنی.

جلە داکەندراوەکانی تۆی بە دەستەوەیە. ئەوورا لە سەر جێ پاڵی داوەتەوە و شتێک دەخاتە مابەینی ئەو رانانەی کە هەر ئێستا توند توند جووتی کردون. دەستی پێدا دەهێنێ و بە ئاماژە بانگت دەکا. توێشەیەکی (بسکیت) رەق و ناسک لە سەر رانەکانی ورد دەکا، گوێ بە هەڵژانی وردکەکانی نادات، لەتێک لەو توێشیەیە بە تۆ دەدات و، تۆش لێی وەردەگری و بۆ زارتی دەبەی و بە زەحمەت قووتی دەدەی. ئەوجار چاوت بە ئەندامە رووتەکەی دەکەوێ کە باسکەکانی بە مەودای قەرەوێڵەکەیدا بڵاو کردوەتەوە، هەر وەک

[6] سەمایەکی ئاڵمانی یە و ناوی سازێکە کە بۆ ئەم مەبەستە دەیژێنن.

باسـکە ئاوەڵاکـانی ئـەو بـە خـاچ دا کـراوەی (مەسـیح) کـە بـە دیـوارەکـەوە هەڵواسـراوە. مەسـیحێکی رەش کە تاجـە درکاوییـەکی لەسـەر پرچـە دەسـکردە رەش و ئاڵۆزەکـەی دانـدراوە و ئاورێشـمێکی ئەرخـەوانی لـە لاقـانی ئـاڵاوە و، لە تـاو ئـازار چۆکەکـانی بـڵاو کـردۆتەوە. ئەوورا هـەر وەک کوشـتارگەیـەک خـۆی بە رووتدا دەکاتەوە.

نـاوەکەی بـە گـوێی دا دەچرپێنـی. لـەسـەر پشـتت هەسـت بـە باسـکە گۆشـتنەکانی ئـەو ئافرەتـە دەکـەی. لـە گوێتـدا دەنگـە گەرمەکـەی دەبیسـتی کە لێـت دەپرسێت: "بۆ هەتا هەتایە منت خۆش دەوێ؟"

"ئەوورا، بۆ هەتاهەتایە، هەمیشە تۆ بۆ من خۆشەویست دەمێنیتەوە."

"هەمیشە؟ سوێندم بۆ دەخوێ؟"

"سوێند بێ."

"تەنانـەت ئەگـەر پیـریش بـبم. تەنانـەت ئەگـەر جـوانیش نەمێنمـەوە؟ تەنانەت ئەگەر پرچیشم سپی هەڵگەڕێن؟"

"هەمیشە، ئازیزەکەم، بۆ هەمیشە."

"تەنانـەت ئەگـەر بشـمرم، فلیپـە؟ ئـەم خۆشەویسـتییە هـەتا هـەتایی دەبـێ؟ تەنانەت ئەگەر بشمرم؟"

"هەمیشـە، هەمیشـە. سـوێندت بـۆ دەخـۆم. هـیچ شـتێک لـە توانایـدا نیـە ئێمە لە یەکتر جیا بکاتەوە."

"وەرە، فلیپە، وەرە."

هەرکـە بـە ئاگـا دێتـەوە، دەسـت درێـژ دەکـەی تـاکوو هەسـت بـە شـان و پیلـی ئەوورا بکـەی، بـەڵام هـەر بالیفـەکەی و سـەرچەفە سـپییەکەی دەوری بـاڵای دێتـە بـەر دەسـتت کـە هێشـتا گـەرمای ئەوورای پێـوە مـاوە و تـۆش دەسـتی پێدا دێنی.

ناوەکەی بە زارتدا دێ.

چـــاو هەڵــدێنی و ئـــەو دەبینـــی کـــە لـــە خـــوار قەرەوێڵەکـــە راوەســـتاوە. بزەیـــەکی لـــە ســـەر لێـــوە، بـــەڵام ســـەیری تـــۆ ناکـــا. بـــە هێواشـــی بـــەرەو قـــوژبنی ژوورەکـــە دەچـــێ. دادەنیشـــێ و، دەســـتەکانی لـــە ســـەر چـــۆکی کەســـێک دادەنێـــی کـــە لـــەو تارماییـــەدا بە ئاســـتەم دەردەکـــەون و چاوەکانـــت بە باشـــی هەتـــەری بینینیـــان نـــــاکەن. لەو تـــــاریکییەدا کە بەرە بەرە بەرەو روونـــــاکی دەچێـــــت، دەبینـــــی کە ئەوورا جـــووتێ دەســـتی پیـــر و چرچـــۆڵ نـــەوزیش دەکـــا: ئـــەو لـــە کـــن لاقـــی خـــانمی پیـــر، کۆنسـۆلۆخان، چـۆکی داداوە وپیرێـژن لـــە ســـەر ئەســـکەملیەک دانیشـــتووە کـــە تـــۆ تـــا بـــە ئێســـتا نـــەت بینـــی بـــوو. خـــانمی کۆنســـۆلۆ بزەیـــەک بـــە رووی تـــۆ دا لێـــدەدات و ســـەر دەلـــەقێنێ - ئەووراش هاوکـــات ســـەری دەلەقێنێـــت – و بـــزەت بـــە روودا لێدەدا. لـــەســـەر پشـــت بـــە ســـەر تەختەکـــەدا دەکـــەوی، بـــە بـــێ ئیـــرادە. بیـــر لەوە دەکەیـــتەوە کە لـــەو کـــاتەوە کـــە لەگـــەڵ ئەوورا بـــووی، ئەم پیرێـــژنەش لـــە ژوورەکەتاندا بووە.

جووڵـــەکانی پیرێژنـــت بیـــر دێنـــەوە، دەنگەکـــەی و ســـەماکەی، بەڵام حەز نـــاکەی بیسەلمێنی و لە بەرخۆتەوە بەردەوام بە خۆت دەڵێی کە نا ئەو لەوێ نەبووە.

ئـــەو دووانـــە لـــە یـــەک کاتـــدا پێکـــەوە هەڵدەســـتن، کۆنســـۆلۆ لـــە ســـەر ئەســـکەملەکەی و ئەووراش لـــە ســـەر عـــەرزی. پشـــت لـــە تـــۆ دەکـــەن و هێـــدی هێـــدی بـــەرەو دەرگایـــەک دەچـــن کـــە بەســـەر ژووری خـــەوتنی پێرێژنـــدا دەکرێتـــەوە. پـــێ دەخنـــە ژوورێـــک کـــە لەوێـــدا شـــەوقی تیشـــکەکان بـــە بـــەردەوامی لـــە بەرامبـــەر نیگارەکانـــدا دەلـــەرزن. دەرگاکـــە لـــە ســـەر پشـــت قـــەپات دەکـــەن و لێـــت دەگـــەڕێن تاکوو لە سەر جێی ئەوورا خەوت لێ بکەوێتەوە.

# ٥

خەوت گران و ئاڵۆزە. لە خەونیش دا هەر ئەو مالیخولیا کپ و بێ ورتەیە دێتە بەرچاوت کە وێڕای ترس و دڵەراوکێ بەردەوامەکەت، زەخت دەخاتە سەر هێزی خەیاڵ و ئەندێشەت. ئەگەرچی لە ژوورەکەی ئەوورا دا خەوتووی، بەڵام هەست بە تەنیایی دەکەی. چوونکە هەست بە گەرمای ئەو لەشە ناسکە ناکەی کە پێت وایە لە بۆ خۆت داگیرت کردووە.

کە بە ئاگا دێیتەوە، لە ژوورەکەدا لە دوای خزووریکی دیکەش دەگەڕێی. وورده وورده تێدەگەی کە ئەمە هەر ئەوورا نیە کە بۆتە هۆی ئاڵۆزبوونەکەت، بەڵکە لە راستی دا خزووریکی دووچەشنییە کە هەر جارە و بە بیچمێکییەوە دێتە بەر چاوت، شتێک کە لە ماوەی شەوی رابوردوو دا هاتۆتە ئاراوە. دەست دەخەیتە سەر تەوێڵت و هەوڵ دەدەی بەم چەشنە زەینە ئاڵۆزەکەت هێور بکەیتەوە. ئەم مالئخولیا کپە بە دەنگێکی نەوی، بە کسپەی یاد و هێزی وشیارکردنەوەوە، بە ناختدا دەچرێنێ و هانت دەدات کە لە دوای نیوەکەی دیکەی بوونت بەگەڕێی. ئەو وێنا و خەیاڵە نەزۆکەی دوێشەو، بۆتە هۆی دروست بوونی وێنەی جنۆکەیەکی خەیاڵیی کە پێت وایە ئاواڵ ژیانتە.

واز لە بیرکردنەوە دێنی، کۆمەڵێ شت هەن کە تەنات لە هێزی خەیاڵیش بەهێزترن: وەک ئەو خووخەدەیەی کە لە نەکاو هانت دەدا هەستی، لە تەنیشت ئەم ژوورەدا لە دوای حەمامێک بەگەڕێت و نەیدۆزیتەوە، لە

حاڵێکدا بە هەڵگلۆفینی چاوەکانتەوە خەریکی بەرەو داڵانەکە بچی، لە حاڵێکا هەست بە خەستاییەکی تاڵ بە سەر زبانتەوە دەکەی بە پلیکانەکاندا سەر کەوی و، لە حاڵێکا دەست بە ریشی بن چەناگەتدا دەهێنێ بچیتە نێو ژوورەکە، بەلۆعەی وانی حەمامەکە بکەیتەوە و ئەوجار بە نێو ئاوە گەرمەکەدا هەڵ بخزێیت و خۆت بدەیتە دەست فەرامۆشییەکی ئەبەدی.

بەڵام کاتێ خەریکی خۆ وشک کردنەوەی، پیرێژن و کیژەکەت دێنەوە یاد کە بەر لەوەی دەست بدەنە نێو دەستی یەک و ژوورەکەت جێ بهێڵن بە رووی تۆدا بزەیان لێ دەدا. بیرت دێتەوە هەرکات ئەو دووانە دەگەنە لای یەکتر هاوکات شتێک دەکەن، لە یەک دەمدا باوەش دەکەنەوە، بزە لێ دەدەن، دەخۆن، دەدوێن، دێن، دەچن و تا بەو رادەیەی کە هەر دەڵێی ئیرادەی یەکێککیان بەوەی دیکەیانەوە بەستراوەتەوە...

لە نێو ئەم بیر و خەیاڵانەدای کە بەدەم ریشت دەتاشینەوە گۆنات بریندار دەکەی. هەوڵ دەدەی بە سەر خۆتدا زاڵ بیت، کە لە تاشینی ریشت دەبیتەوە کەرەسەکانی نێو جانتاکەت دەژمێری: شووشە و ئەو بۆریانەی کە لە میوانخانەڕا کارەکەرێک بۆی هێناوی کە قەت چاوت پێ نەکەوتووە، ناوی کەرەسەکان دووپات دەکەیتەوە، دەستیان لێدەدەی، شێوەی بەکارهێنانی دەرمان و مایەی دروست بوونیان دەخوێنیتەوە، ناوی بەرهەم هێنەرەکەیان حینجە دەکەی. خۆت بەم شتانەوە سەرقاڵ دەکەی تاکوو ئەو شتەی دیکەت لە بیر بچێتەوە، شتێکی بێ ناو، شتێک کە بەرچەسپی نییە و بە بێ هیچ نەزمێکی مەنتیقی داگیرت دەکا. ئەوورا چ چاوەڕوانییەکی لە تۆ هەیە؟ کە جانتاکەت دادەخەی پرسیار لە خۆت دەکەی، چی دەوێ، چی دەوێ؟

لە وەڵامی خۆتدا گوێت لە دەنگی نەویی زەنگەکە دەبێ کە پێت رادەگەیێنێ ئێستا ناشتای بەیانی ئامادەیە. بە بێ ئەوەی کراسەکەت لەبەر

بکەی بەرەو دەرگاکە دەڕۆی، هەرکە دەرگاکە دەکەیتە ئەوورا لەوێ بەدی دەکەی: دەبێ ئەوورا بێ، چوونکە چاوت بەو داوێنە سەوزە دەکەوێ کە بەردەوام دەیپۆشی، ئەگەرچی بە رووبەندێکی سەوز روخساری داپۆشراوە، بەڵام دڵنیات کە ئەوە. مەچەکی دەگری، ئەو مەچەکە ناسکەی کە بە وێ کەوتنی دەستت دەلەرزێ.

"ناشتا ئامادەیە." بە دەنگێکی پڕزە بڕاوەوە ئەم بابەتەت پێ رادەگەینێ کە تا بە ئێستا قەت نەتبیستووە.

"ئەوورا، وەرە با لەگەڵ یەکتر روو راست بین."

"رووراست بین؟"

"ئەگەر خانمی کۆنسۆلۆ تۆی لەم ماڵە دا بەستوەتەوە، ئەگەر رێگەت پێ نادا کە لە پێناو خۆتدا بژیت، لای من بیدڕکێنە. بۆ دەبێ ئەو لەو شوێنە بێ لە حاڵێکدا من وتۆ... پێم بڵێ بزانم تۆ لە گەڵمدا دێیت، کاتێ کە ..."

"بڕۆم، بۆ کوێ بڕۆم؟"

" بۆ دەرەوە، بۆ دونیای دەروەی ئەم خانووە نەگبەتە، تا بەم چشنە پێکەوە بژین. تۆ نابێ ئا ئەبەد خۆت بە دیار پوورتەوە ببەستیتەوە... ئەم هەمووە فیداکارییە لە پێناو چیدایە؟ بەراستی ئا ئەورادەیە خۆشت دەوێ؟"

"من خۆشم دەوێ؟"

"بەڵێ. دەنا بۆ دەبێ بەم چەشنە خۆت لە پێناو ئەودا فیدا بکەی؟"

"خۆشم دەوێ؟ ئەو منی خۆش دەوێ. ئەوە ئەوە کە خۆی فیدای من دەکا."

"ئاخر ئەو ئافرەتیکی پیرە، کەلاکێکە. خۆ تۆ ناتوانی..."

"نـا وا نـیە، ئـەو لـە مـن بـە تاقـەت تـرە و پتـری رۆح لەبـەر دایـە. بـەڵێ راسـتە، ئەو پیـر وبێزهێنـەرە... فلیپـە، بەڵام مـن نامـەوێ... وەک ئـەوم لـێ بـە سەر بێت... یەک..."

"ئـەو خەریکـە تـۆ زینـدە بـە چـاڵ دەکـا. تـۆ دەبـێ سـەر لـە نـوێ لـە دایـک بیتەوە، ئەوورا."

"مـرۆڤ بەر لەوەی سـەر لـە نـوێ لـە دایـک بێتـەوە، دەبـێ بمرێـت... نـا، دیـارە تـۆ تێناگـەی. وازی لـێ بێنـە، فلیپـە. بـەس داوات لـێ دەکەم کە مەتمـانەم پـێ بکەی."

"بریا بۆت روون دەکردمەوە."

"هـەر مەتمـانەم پـێ بکـە، ئـەمڕۆ دەچێتـە دەر، لـە بەیانییـەوە تـا بـە ئێواری لە دەرەوە دەمێنێتەوە."

"ئەو؟"

"بەڵێ، ئەوەی دیکە."

"دەچێتە دەر؟ خۆ ئەو قەت..."

"راسـتە. بەڵام، جارناجـارێ دەڕوات. کەمـێ بە لایەوە زەحمەتـە. بەڵام ئەمرۆ دەچێتە دەر. لە بەیانییەوە تا ئێوارێ. من و تۆ دەتوانین..."

"بڕۆین؟"

"ئەگەر تۆ حەزی پێ بکەی."

"ئـێ ... جـارێ نـا. مـن بەڵگـەی بەڵێندەرایـەتیم هەیـە. بـەڵام هەرکـە ئیشەکەم کۆتایی پێ هات ئەو کات..."

"ئـای، وایـە. بـەڵام ئـەو لـە بەیانییـەوە لـە دەرەوە دەمێنێتـەوە. ئێمـە دەتوانین شتێک بکەین."

"چی بکەین؟"

"ئـــەم شـــەو لـــە ژووری خـــەوتنـــی پـــوورم دا چاوەڕێـــت دەكـــەم. وەك هەمیشە چاوەڕێت دەكەم."

پشـــتت تـــێ دەكـــا، زەنگۆڵەكـــەی وەدەنـــگ دێنـــێ، هـــەروەك رەوەنـــدی گـــوولان كـــە بـــە دەنگـــی زەنگۆڵـــەكانیان نێزیـــك كەوتـــنەوەی خۆیـــان رادەگەیەنـــن و رێبـــواری دڵ ئاســـوودە ئاگـــادار دەكەنەوە كە: "خـــۆت دوو را بگـــرە، خـــۆت دوور رابگـــرە." جاكـــەت و كراســـەكەت لەبـــەر دەكـــەی و دوای زایەڵـــەی زەنگەكـــە دەكەوی كـــە تـــاكوو ژووری خـــواردن رێنمایـــت دەكـــات. بێوەژنەكـــەی یورنتـــە لـــە دیوەخاكەینـدا پێشـوازیت لـێ دەكـا. بـەسـەر گۆچانـە گرێدارەكەیـدا كـۆم بـۆتەوە و، باڵاپۆشـــێكی كـــۆن و ســـپی لەبەردایە كە رووبێـــنە تـــۆدارەكەی چلكـــی تێـــدا مـردووە. بـە بـێ ئـەوەی سـەیرت بكـا بـە تەنیشـتدا تـێ دەپـەڕێ، بـەنێـو دەسـرەكەیدا دەفیرێنـێ و تفێـك رۆ دەكـا. بـە نەغمـەوە دەڵـێ: "ئـەمرۆ لـە مـاڵ نـابم، جـەنابی مـــۆنتێرۆ. لـــە تـــۆ دڵنیـــام. تكایـــە خـــۆت بـــە كارەكانتـــەوە خـــەریك بكـــە. بیرەوەرییەكانی هاوسەرەكەم دەبێ بەم زووانە چاپ و بڵاو بێتەوە."

دەڕوا، بـــەو لاقـــە لاوازانەیـــەوە كـــە هـــەر دەڵێـــێ لاقـــی بووكەڵەیـــەكی عەنتیكەیـــە كـــە بـــە ســـەر فەرشـــەكەدا هـــەنگاو دەنێـــت. بـــە ســـەر گۆچانەكەیـــدا كۆماوەتـــەوە، تفێـــك رۆ دەكـــا و دەپشـــمێ، بـــە چەشـــنێك كـــە دەڵێـــی بـــە تەمایـــە بەم كـــارەی ســـپیەلاكە بـــە خڵتـــە گیراوەكـــەی خـــاوێن بكاتـــەوە. بـــەرگی بووكێنییـــە زەرد هەڵگەڕاوەكـەی لـە بەریـدا دەبینـی كـە لـە جانتاكـەی دەرهێنـاوە. قوشـقی دەبیـت و، لەم كـاتەدا تـەنیا هێـزی ئیرادەیـە كـە دەتـوانێ چـاوە كونجكۆڵەكانـت لە دواكەوتنـی ئەو ببویرێ.

دەسـت بـۆ ئـەو قـاوە سـاردە نابـەی كـە لـە ژووری خـواردن دا چاوەڕێـت دەكـا. بـۆ مـاوەی یـەك كـات ژمێـر لـە سـەر ئـەو كورسـیە دادەنیشـی كـە پـاڵ پشـتەكەی كەوانییـە. سـیگار دەكێشـی و چـاوەڕێی ئـەو دەنگانـە دەكـەی كـە قـەت

نایەنــە بــەر گوێــت، تــا ئەوەی کە ســەرەنجام دڵنیــا دەبیتــەوە کە خــانمی پیــر لــە مــاڵ دەرچــووە و ئیتــر بــواری ئەوەی نیــیە کە ناخافــڵ لــە کــاتی بــە ئــەنجام گەیانــدنی مەبەســتەکەتدا پەیــدا ببێــت. مــاوەی یەک کــاتژمێرە کــە کلیلــی جانتاکــە لــە دەســتتدا دەکوشــێ. هەڵدەســتی و بــە بــێ دەنگــی لــە دیوەخانــەکەوە بــەرەو داڵانەکە دەچــی و لــەوێ لەبــەر دەرگــای کۆنســۆلۆ خانــدا گــوێ هەڵدەخــەی. پــازدە خولــەک – کــات ژمێرەکــەت ئەمــە پیشــان دەدا – پشــوو رادەگــری. ئــەوجار بــە هێــوری دەرگاکــە دەکەیتــەوە و تــاوێ خــۆت دەگنخێنــی، تــا ئــەو کاتــەی کــە چاوەکانــت لەم ژوورە تـــاریکە دا هەتەری ببینیـــی ئەو قەرەوێـــلەیە بـــکەن کە لەوبەری مۆمەکـــانەوە دیــارە و، هەر ئێســتا کەروێشــکەکەی خــانمی پیــر لەســەری دانیشــتوە و خەریکــی کرمانــدنی گێــزەرە. ئــەو قەرەوێڵەیــەی کــە بــەردەوام ورکــە نــانی لــە ســەر هــەڵ رژاوە. بـــە هێمنـــی و نـــەرمی دەســـت بە قەرەوێـــلەکەدا دێنـــێ، وەک بڵێـــی لـــەوە نــیگەران بیــت کە نەکــا خــانمی پیــر لــە بــن گنجــی ســەرچەفەکانیدا خــۆی حەشــار دابێــت. بــەرەو ئــەو قوژبنــە، بــەرەو لای جانتاکــە دەڕۆی. پــێ دەخەیتــە ســەر کلکــی مشـــکێک، دەزیقێنـــێ و بـــە بـــن لاقـــت دا غـــار دەکـــا و، بـــە بـــازدان دەڕوا کـــە مشـــکەکانی دیکـــە لە عـــزووری تـــۆ ئاگـــادار بکاتـــەوە. کلـــیلە مســـییەکە لـــە قوفڵـــە ژەنگاوییەکـــــەدا دەســـــوڕێنی، قوفڵەکـــــە دەکەیتـــــەوە و درگـــــای یەغـــــدانەکە هەڵدەدەیتــەوە. جیڕەجیــڕی لاولاوە وشــک و کۆنەکــەی دەبیســتی. بەشــی ســێهەمی بیرەوەرییــەکان هــەڵ دەگــری – نــەوارێکی ســوور لــە دەوری ئــاڵاوە - لــە بــنەوە کۆمـــەڵێ وێنـــە بـــەدی دەکـــەی، ئـــەو وێنـــە کۆنانـــەی کە رزیـــون و ســـەر ســووچەکانیان شــکاونەتەوە. بــە بــێ ئــەوەی ســەیریان بکــەی هــەڵیان دەگــری. ئــەم گەنجینەیــە لە بــاوەش دەگریــت و، بە پەلــە لــە ژوورەکــە دەردەچــی بــە بــێ ئــەوەی دەرگــای جانتاکــە قــەپات بکــەی. برســیەتی و چــاوچنۆکی مشــکەکان لــە بــەرچاو نــاگری. دەرگــای ژوورەکە دادەخــەی، لــە دالانەکــەدا پــاڵ بــە دیوارەکــەوە دەنێیــت

تاکوو پشووت بێتەوە سەرخۆ. ئەوجار لە پلیکانەکانەوە بۆ ژوورەکەی خۆت دەچی.

لاپەڕە نوێیەکان هەڵدەدەیتەوە و، درێژەی بیرەوەرییەکان دەخوێنیتەوە، رووداوەکانی سەدەیەکی پڕ لە رەنج و ئازار. ژینەڕاڵ یورنتە بە زمانە لووسەکەیەوە وەسفی کەسایەتی ئیوجینی دۆ مۆنتێۆ[7] دەکات، رێز و حورمەتەکانی خۆی لە ئاست ناپلیونی چکۆلەدا[8] دەردەبڕێ کە بڕشتە دەمپاراوییە سەربازییەکەی بەکار دێنێ تاکوو شەڕی فەڕانسە و پیرۆس رابگەینێ، بەشێ لە لاپەڕەکان تەرخان دەکا بۆ ئەزرەت و خەم و پەژارەی خۆی لە مەڕ شکستی فەڕانسە، لێرەدا راگەیندراوێک سەبارەت بە مەترسی دێوەزمەی کۆماری خوازی ئاراستەی گشت پیاوە شەرەف بەرزەکان دەکا، ئاسۆی هیوای سەرکەوتن لە ژینەڕاڵ بۆلانژە[9] دا بە دی دەکا، پڕ بەدڵ بۆ مەکزیکا بە داخە و لە سەر ئەو باوەڕەیە کە رووداوی درێی فۆس[10]،

---

[7] Eugenie de Montijo هاوسەری ناپلیونی سێهەم

[8] مەبەست لە ناپلیۆنی سێهەمە

[9] Boulanger ژۆرژ ئێرنێست ژان ماری بۆلانژە ( 1837-1891) ژینەڕاڵی فەرانسی. لە گەمارۆدانی مێتس دا بەشداری کردووە. وەک فەرماندەری سووپایەک بۆ دەست بۆ دەست بە سەرداگرتنی تونیس رەوانە کراوە. پاش ماوەیەکی دیکە بوو بە وەزیری بەرگری. دەست بە سەرکراو لە فەرمادەری وەلانرا. توانی هەستی جەماوەر بەرەولای خۆی رابکێشێ. داوای کرد کە چاک کاری بکرێ لە سەر یاسا بنچینەییەکانی وڵات، مەحکووم بە پیلان گێری کرا، هەڵات بۆ برۆکسێل و لەوێ خۆی کوشت.

[10] Dreyfus ئالفرێد درێی فۆس (1859-1935) ئەفسەری جوولەکەی فەرانسەیی کە بە تاوانی تەسلیم کردنی بەڵگە نەهێنی یەکانی ئەرتەش بە ئاڵمانییەکان دادگایی کرا و حوکمی بە

شــەرەفی ئەرتــەش- بــە بــەردەوامی وشــەی ( شــەرەف)- بــۆ جــارێکی دیکــە سەلمێندراوە.

لاپــەڕەی کاغــەزە رزیوەکــان بــە دەســتەوە هەڵــدەوەرن، ئیتــر گرینگیــان پــێ نــادەی، تــەنیا هــەر لــە بیــری دەرکەوتــنەوەی ئــەو ژنــە چــاو ســەوزەی. "دەزانــم هێنــدێ جــار تــۆ دەگریــت، کۆنسـوێلۆ. مــن نــەمتوانیوە کورپەیــەکت پــێ ببەخشــم، ئەگــەرچی تــۆ هەرواش پــڕی لــە مایــەی ژیــان..." و پاشــان: "کۆنسـوێلۆ، تــۆ نــابێ خــوا تــەفرە بــدەی. دەبــێ لەگــەڵ ئــەم رەوشــەدا پێــک بێــین. ئایــا خۆشەویســتی تێــرت ناکــا؟ دەزانــم کــە منــت خــۆش دەوێ، هەســت بــەم خۆشەویســتییە دەکــەم. قەت داوات لــێ ناکــەم کــە تەســلیمی چــارەنووس بیــت، چــوونکە دەزانــم بــۆت ئــازاردەرە. هــەر یــەک داوام لــە تــۆ هەیــە کــە لــەو عەشــقە مەزنــەدا کــە وا خــۆت پیشــان دەدەی کــە لــە پێنــاو منــدا هەتــە، شــتێکی گونجــاوی تێــدا بــدۆزەوە، شــتێک کــە هــەردووکمان تێــر بکــا، بــە بــێ ئــەوەی کــە پێویســت بکــات کــە پــەنا ببەینــە بــەر کۆمــەڵێ خولیــای سەرشــێتانە..." لــە لاپەڕەکــەی دیکــەدا: "بــە کۆنسـوێلۆم راگەیانــد کــە ئــەم دەرمانانــە هــەموویان بــێ کــەڵکن. ئــەو لەســەر ئەوە ســوورە کە ئەم رووەکــانە لــە باغچەکــەی خۆیــدا پــەروەردە بکــا. دەڵــێ کــە خــۆی تەفرە نــادات. ئــەم رووەکانــە بــۆ بــەهێزکردنی جەســتە بــەکار نایــەن، بەڵــکە بــۆ بووژانــدنەوەی رۆح

---

ســەردا بــڕا. پــاش ماوەیــەک کۆمــەڵێ بەڵگــە بــە مەبەســتی بــێ تــاوانی نــاوبراو دۆزراوە و ئەرتــەش بــووە هــۆی شــڵەژانی جــەماوەری فەڕانســە. لەشــکەری یــەکان و پاشــاخوازەکانی هــەروا پــێ داگربــوون لــە ســەر حــوکم دابــڕان بــە ســەر ئــەودا و سوسیالیســتەکان و کۆمــاری خوازەکــان لایــەنی ئــەوەیان دەگــرت کــە دیســان دادگــایی بکریتــەوە. ئیمیــل زۆلا نووســەری بــە ناوبــانگی بــە تــاوانی نووســینی وتارێــک لــە پشــتیوانی کردنــی لــە درێــی فــۆس لــە زنــدان کــەوت. ســەرئەنجام لــە 1906 درێی فۆس لە تاوان شۆرایەوە و گەڕایەوە نێو ئەرتەش.

بەکار دێن." پاشان: "لە کاتێ وڕینە کردن دا ئەوم بینییەوە، بالیفەکەی لە ئامێز گرتبوو. هاواری دەکرد: "بەڵێ، بەڵێ، من توانیم، بۆ جارێکی دی ئەوم ئافراندەوە! دەتوانم ئێحزاری بکەم، دەتوانم بە بەخشینی بەشێک لە ژیانی خۆم ئەویش بژێنمەوە". دەبوو لە دوای دوکتۆرم ناردبایە. دوکتۆر پێی راگەیاندم کە لە توانایدا نییە ئەو هێور بکاتەوە، چوونکێ کۆنسۆلۆ لە ژێر کاریگەری دەرمانێکی بێ هۆشکەردایە نەک دەرمانی هێزدەر." و سەرئەنجام: "ئەمڕۆ سەر لە بەیانی چاوم پێی کەوتەوە کە بە پێێ پەتی بە داڵانەکاندا دەگەڕا. دەمویست رای بگرم. بە بێ ئەوەی سەیرم بکا بە تەنیشتمدا تێپەڕی، بەڵام رووی قسەکانی هەر لە من بوو. وتی: رێگەم لێ مەگرە. من بەرەو لاویتەتیم دەچم و لاویتەتیشم بەرەو لای من دێت. خەریکە دێت، لە باغچەیە، گەراوەتەوە...، کۆنسۆلۆ، کۆنسۆلۆی داماو، سەردەمێک تەنانەت شەیتانیش فریشتە بووە."

لەمە زیاتر هیچی دیکە نەماوە. بەم رەستەیە کۆتایی بە بیرەوەرییەکانی ژینەڕاڵ یورینتە دێت: "کۆنسۆلۆ، سەردەمێک تەنانەت شەیتانیش فریشتە بووە..."

پاش خوێندنەوەی دوایین لاپەڕەی بیرەوەرییەکان، وێنەکان دێن. وێنەی پیاوێکی بەساڵدا چوو بە بەرگێکی ئەفسەرییەوە. وێنەیەکی کۆن کە ئەم نووسراوانە لە گۆشەیەکیەوە نووسراوە: (وێنەگەری مۆلێن، ژمارە ٣٥ بولواری هۆسمان[11]) و بەرواری (١٨٩٤). پاشان، وێنەی ئەوورا، ئەوورا بە چاوە سەوزەکانیەوە، بسکێکی رەش کە ئاڵقە ئاڵقە لە سەر یەک کۆی

[11] بولوار. شەقامێکی پان و گەورە و درێژ کە دووساتی جیاجیای هەیە بۆ خەت سەریع.

کردۆتـەوە، پـاڵی بـە ئەسـتوونێکەوە داوە کـە بـە شـێوازی دۆرێـک[12] بینـا نـراوە و، دیمـەنێک لـە زەمینـەی وێنەکـەدا بـەرچاو دەکـەوێ، دوورەدیمـەنی لـۆرلای[13] لـە کـن چـۆمی رایـن. دووگمـەی کراسـەکەی تـا سـەر یەخـەی داخسـتووە، دەسـرەیەکی بــە دەســتەوەیە و تەنوورەیــەکی لــە بەردایــە: ئەوورا، رێکەوتــی (١٨٧٦). بــە مرەکـەبێکی سـپی و، لـە پشـت وێنـە کۆنەکـە بـە حـەتێکی ئـاڵۆز کـە وەک تەونـی جارجاڵۆکــــە دەچــــێ نووســــراوە: "بــــە بۆنــــەی دەیــــەمین ســــاڵ وەرگــــەڕی زەماوەنـدەکـەمان." و ئیمزایـەک هـەر بـەو خەتـە: "کۆنسـۆلۆ یورینتـە." لـە وێنـەی سـێهەم دا ئەوورا و پیـرە پیاوەکـە پێکـەوە دەبینـی، بـەڵام ئـەمجارە هـەردووکیان بـەرگی تاییـەت بـە گەشـتیاری یـان لەبەردایـە و لـە باخێکدا و لـە سـەر کورسـییەک داینشــتوون. وێنەکــە هێنــدێک تــار بــووە: ئەوورا ئەوەنــدەی کــە لــە وێنەکــانی دیــکەدا گــەنج دەنــوێنێ لەم وێــنەیەدا گــەنج نیــە، بــەڵام هــەر خۆیــەتی و، ئــەوە، ئــەوە، ... تــۆی. لــە وێنــەکان رادەمێنــێ و دیســان رادەمێنــێ، ئــەوجار لــە بــن هەورەبانــە شووشــەییەکەدا رایــان دەگــری. ریشــی ژینــەڕاڵ یورنتــە بــە قامــک دادەپۆشــێ، بــە پرچێکــی رەشــەوە ئــەو دێنیتــە بــەر زەینــت و، تــەنیا هــەر خــۆت بەدی دەکەی: نەغرۆ، بزربوو، لە یادکراو، بەڵام بۆ خۆتی، تۆی، تۆی.

---

[12] دۆرێک. Doric کۆنترین شێوازی بیناسازی لە یونانی کۆن.

[13] Lorelei شـاخێکی گـەورە لـە کـەناری چـۆمی رایـن کـە زایەڵـەی دەنـگ لەویـدا زۆرە و تـێ پـەڕین بـۆ پاپۆرەکـان لـە تەنیشـتەوە زۆر ئاسـتەمە. ئـەم شـاخە ئیلهـام دەری ئەفسـانەیەکی کـۆن ژێرمەنـە کـە گۆیـا لـۆرێ لای فریشـتە یـەکی جـوانی دەریایـە کـە پاپۆرەوانـەکان و ماسـی گرەکـان بـە ئـاواز و جـوانی خـۆی فریـو دەدا و بـەرەولای خـۆی رایـان دەکێشـی و پاپۆرەکانیـان لـە کـن ئـەم شاخە تێک دەشکێن.

سەرت لە گێژەوە هاتووە، پڕە لە ئاوازی واڵسێکێك کە لە دوورەدەستانەوە بێ و بۆنی رووەکە بۆنداروو تەڕەکان. بە هیلاکی بە سەر قەرەوێڵەکەدا دەکەوی، دەست بە گۆناکانت، چاوەکانت، کەپووتدا دەێنێ، دەڵێی ترست لەوەیە کە دەستێکی غەیبی ئەو روخسارەی لە تۆ دزی بێت کە بیست و حەوت ساڵە خۆت بە خاوەنی دەزانی. روخسارێکی کارتۆنی کە رووی راستەقینەی تۆی شاردۆتەوە، بیچمی راستەقینەی تۆ، ئەو بیچمەی کە لەمێژە هەتبووە، بەڵام لە بیرت کردووە. دەمەورووو روخسارت بە سەر بالیفەکەدا دەخەی تاکوو رێگە نەدەی بای رابردووەکان روخسارت لێ بفرێنێ، چوونکە ناتەوێ ئەم روخسارەت لە کیس بچێ. دەمەروو بە سەر بالیفەکەدا دەکەوێ، هەر لەوێ رادەکشێی و، چاوەرێی شتێک دەکەی کە دەبێ بە سەرتدا بێ، شتێک کە لە تواناتدا نیە بەری پێ بگری. ئیتر سەیری کاتژمێرەکەت ناکەی، ئەم ئامێرە بێ کەڵکە کە بە شێوەیەکی خەماوی کاتە بێهوودەکانی مرۆڤ دەپێوێ، ئەو عەقرەبە چکۆلانەی کە بۆ نواندنی کاتە دوور ودرێژەکانی ژیانی مرۆڤ داهێنراون تاکوو بەم چەشنە سەرپۆشێک بێت بۆ شاردنەوەی تێپەڕبوونی راستەقینەی زەمەن کە بە خێراییەکی سەرسام هێنەرغارەغار دەکەن و ئیهمالمان دەکەن و، لە راستی دا هیچ کاتژمێرێک لە توانایدا نیە دەم ژمێریان بکات. تەمەنێک، سەدەیەک، پەنجا ساڵ. ئیتر ناتەوێ ئەم پێوەرە تەفرەدەرانەیە لەبەرچاو بگریت، ناتوانی ئەم غەورە بێ قەبارەیە لە دەستتدا رابگری.

هەرکە سەرت لە سەر بالیفەکە هەڵدەگری خۆت لە تاریکی دا دەبینیتەوە، شەو راشکاوە.

شەو بە سەردا کەوتووە. لە سەر هەورەبانە شووشەییەکەوە هەورە رەوەکەکان دەبینی کە مانگەشەو دادەپۆشن، ئەو مانگەشەوەی کە هەوڵ دەدا

خۆی لە دەستیان دەرباز بکا. دەرباز دەبێ و دیسان هەورەکان دای دەپۆشنەوە. هیچ هیوایەکت نەماوە. تەنانەت سەیری کاتژمێرەکەشت ناکەی. بە پەلەپەل بە پلیکانەکاندا دادەگەڕێی، لە دەرەوەی ئەو ئینفرادییە دا کە بە کاغەزی کۆن و وێنەی کۆن و رەنگە کاڵەوەبووەکان داپۆشراوە، لەبەر دەرگای کۆنسۆلۆ خان رادەوەستی و گوێ بۆ دەنگی خۆت رادەگری کە پاش ئەو هەمووە بیدەنگییە، مەنگ بووە و گۆڕانی بە سەردا هاتووە: "ئەوورا..."

بۆ جارێکی دیکە: "ئەوورا..."

دەچیتە نێو ژوورەکە. مۆمە نەزرییەکان کوژاونەتەوە. بیرت دێتەوە کە ئەمڕۆ خانمی پیر لە دەرەوە بووە: مۆمەکان تا بە ئاخر قاڵ بوونەتەوە. لەو تاریکاییەدا بە پەل کوتان دەچیتە لای قەرەوێڵەکە.

وە بۆ جارێکی دیکە بانگی دەکەی: "ئەوورا..."

گوێت لە دەنگی ئارامی خشپە خشپی داوێنەکەی و، دەنگی هەناسەیەک کە لە گەڵ هەناسەی تۆ هاوئاهەنگە دەبێت. دەست درێژ دەکەیتەوە تاکوو بەرگە سەوزەکەی ئەوورات بەردەست بکەوێ.

"نا. دەستم لێ مەدە. لە تەنیشتم راکشێ."

بە پەل کوتان لێواری قەرەوێلەکە دەبینیتەوە، لە سەری دادەنیشی، لاقەکانت هەڵ دێنیتەوە رادەکشێیت و لە جووڵە دەکەوی. بێ دەسەلات، لە ترسانا دەلەرزی: "رەنگە ئەو لە نەکاو بگەڕێتەوە."

"ناگەڕێتەوە."

"قەت؟"

"من هیلاک بووم. ئیتر ئەو ماندووە بووە. قەت نەمتوانیوە لە سێ رۆژ زیاتر لای یەک بمێنینەوە."

"ئەوورا..."

دەتــەوێ دەسـت بخەیتــە ســەر سـینگی ئەوورا. پشـتت تێـدەکا. لــە گـۆڕانی دەنگی ڕا هەست بەمە دەکەی.

"نا... دەست لە من مەدە..."

"ئەوورا... خۆشم دەوێی."

"بــەڵێ. خۆشـت دەوێـم. دوێنــێ پێـت ڕاگەیانـدم کــە بـۆ هەتاهەتایـە منـت خۆش دەوێ."

"تــۆ بــۆ هەمیشـــە لـــەلای مـــن خۆشەویســـت دەمێنیتـــەوە، هەمیشـــە. گیرۆدەی باڵاکەتم، ماچەکانت..."

"ڕوومەتم ماچ بکە، هەر ڕوومەتم."

لێوەکانـت لە سـەرێک نێزیـک دەکەیـتەوە کە لە کـن سـەری تـۆیە، پـرچە ڕەش و درێـــژەکەی ئەوورا نەوازیشـــت دەکـــەی: شـــانە کـــز وناســـکەکانی رادەگووشـی و گـوێ نـادەی بـە زریکـە زریکـی دەنـگە پـڕ لـە گازەنـدەکانی. جلـی لەبەر دادەکەنیـت و ئەو بـوونەوەرە بچکـۆلە و رووت و بـێ پەنـایە لەبـەر خـۆت دەگـری و، مـاچ لـە روخسـاری هەڵـدەگریتەوە. بـە بـێ ئـەوەی گـوێ بـە بـەرگرییە پـڕ لــە ناڵــە و گازنـدە لاوازەکەی بـدەی مـاچی دەکەی. بـێ بیـر کـردنەوە، بـە بـێ ئـــەوەی بـــۆت روون بێتـــەوە کە ئەمە کێـــیە، دەســـت بـــە ســـینگە ژاکاوەکەیـــدا دەخوشـێنی. لــە ناکـاو شــەوقی مانگەشــەو ڕووناکـاییەک بە نێـو ژوورەکــە دا بـڵاو دەکـاتەوە و تـۆ سەرسـام دەکـا، ئـەم تیشـکە وەک تـان پـۆ لـە درزی ئـەو دیوارانــەڕا دەپـــڕژێتە ئەم ژوورەوە کـــە مشـــکەکان کلۆریـــان کـــردووە. ســـەرچاوەیەک کـــە تریفـــەی زێـــوینی مانگەشـــەو بە ژوورەکەدا بـــڵاو دەکـــاتەوە. تیشـــک لەســـەر روخســـارە پڕووکاوەکـــەی ئەوورا دەکەوێـــت، روخســـارێکی تێکشـــکاو و زەردەڵـــە کـە لاپـەڕەی بیرەوەرییـەکـان و، وێـنە گـنج تێکەوتووەکـان زەرد و چرچـۆڵ تـرن. ئیتـر ئـەو لێـوە لـەڕ و بـێ گۆشـتانە، ئـەو پووکـە بـێ ددانانـە مـاچ ناکـەی. تریفـەی

مانــگ بــاڵای خــانمی پیــر، کۆنســۆلۆ خــان دەردەخــات کە کــەنفت، پڕووکــاو، لاواز، کــەون و لــەرزۆک خــۆ لە وێ کەوتنــی دەســتەکانی دەبــوێرن. خۆشــت دەوێ، تۆش گەڕاویتەوە...

روخســارەکەت، چــاوە ئاوەڵاکانــت بە نێــو بســکە زیوینەکــەی کۆنســۆلۆ دا رۆ دەکەی و بــۆ جــارێکی دی، لەو دەمەیــدا هەوەرەکــان روخســاری مانــگ دادەپۆشــنەوە، لەوکاتەیــدا کە هەردووکتــان خۆتــان حەشــار بــدەنەوە، ئــەو کاتــەی کــە بیــرەوەری ســەردەمی لاویــەتی، لاویەتییــەک کــە ســەر لــە نــوێ بەرجەســتە کراوەتەوە و بە سەر تاریکی دا سەر کەوێ، دیسان لە ئامێزی دەگریتەوە.

"ئــەو دەگەڕێتــەوە، فلیپــە. ئــێمە پێکــەوە ئــەو دەگەڕێنینــەوە. مــەودام بــدە تا ووزەیەکی دیکەم بێتەوە بەر، ئەو دەگەڕێنمەوە..."

تەواو

03.01.2000 هەولێر